لووسی گارنێت

ئافرەتی کورد لە تورکیا

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

باری ژیانو پیشەیان ، دابو دەستووری ماڵەوەیان ،
بیروباوەڕیان ، داستانو چیرۆکی فۆلکلۆرییان

بەشێکە لە کتێبی :
« ئافرەتی تورکیاو فۆلکلوریان ، ١٨٩١ ب٢ ل ١١٣-١٨٩ »

عەزیز گەردی

لە ئینگلیزییەوە کردوویە بە کوردی

١٩٨٣

نووسی گارنێت

ئافرەتی کورد لە تورکیا

باری ژیانو پیشەیان ، دابو دەستووری ماڵەوەیان ،
بیروباوەڕیان ، داستانو چیرۆکی فۆلکلۆرییان

بەشێکە لە کتێبی :
« ئافرەتی تورکیاو فۆلکلۆریان ، ١٨٩١ ب٢ ل ١١٣–١٨٩ »

عەزیز گەردی
لە ئینگلیزییەوە کردوویە بە کوردی

١٩٨٣

چاپخانەی ئیرشاد – بەغدا

THE WOMEN OF TURKEY
AND THEIR FOLK-LORE

BY :

LUCY, M. J. GARENTT

"PART; III : THE MOSLEM WOMEN—
CHAPS. I,II,III, IV: KURDISH WOMEN."

Translated From English
into Kurdish
By :

AZIZ GARDI

Baghdad. 1983

پێشەکی

ئەم نامیلکەیە لە ئینگلیزی‌یەکەدا سەربەخۆ نی‌یە ، بەڵکو چوار بەشە لە کتێبێکی گەورە کە دەربارەی ئافرەتی تورکیاو فۆلکلۆریانە .. کتێبەکە ،خاتوو گارنێت نووسیویەو یەکەم جار ساڵی **١٨٩١** بڵاوبۆتەوە. ئەم کتێبە دوو بەرگە : بەرگی یەکەم **(٣٨٢)** لاپەڕەیەو چوار بەشەو باسی ئافرەتی ڤلاشی‌و گریکی‌و ئەرمەنی‌و بولگاری‌و فرانکی دەکات . بەرگی دوەمیش **(٥٤٦)** لاپەڕەیەو دوو بەشی سەرەکی‌یە – بەشی یەکەم باسی ئافرەتی جوو دەکات‌و بەشی دوەم بۆ ئافرەتی موسلمان تەرخان کراوە . ئەم بەشەیان **٢٤** بەشی بچووکەو باسی ئافرەتی کوردو چەرکەس‌و یوروك‌و ئەلبان‌و تەتەرو قەرەج‌و عوسمانلی دەکات. لەم بیست‌و چوار بەشە بچووکەدا ، چوار بەشەکەی بەرایی **(٤،٣،٢،١ ل ١١٣–١٨٩)** باسی ئافرەتی کوردەو ئەوەیە کە لێرەدا کردوومانەتە کوردی .

سەرتاپای کتێبەکە زانیاری باش‌و بەکەڵکی تێدایەو گەلێ باس‌و بەسەرهات‌و چیرۆك‌و بیروباوەڕی جوراو جۆری باس کردوەو ئەوە دەهێنێ کە هەمووی بکرێتە کوردی ؛ بەڵام لەبەر ئەوەی هەم وەرگێڕانەکەی وەختێکی زۆری دەوێ‌و هەم بڵاوکردنەوەکەی گران دەوەستێ وام بە چاك زانی تەنیا ئەم چوار بەشە بکەمە کوردی کە پەیوەندی بە ئافرەتی خۆمانەوە هەیە .

حەز دەکەم کە خوێنەری خۆشەویست پێش خوێندنەوەی کتێبەکە ئەم سەرنجانەی لەبەر چاو بێ :

● کتێبەکە یەکەم جار ساڵی **١٨٩١** بڵاوبۆتەوە ، واتە پێش شەڕی یەکەمی جیهانیو ئەوساکە باری کوردستان لەگەڵ ئێستادا زۆر جودا بوو ، چ لەبارەی دابەشبوونەوە بێو چ لە بارەی ژیانی **کۆمەڵایەتی**یەوە. ووشەی تورکیای ئەوسا ئەو هەموو ناوچانەی دەگرتەوە کە لە ژێر نیری ئیمپراتۆریەتی عوسمانلیدا بوون . هەر بۆیەشە دەبینن کە نووسەر لە زۆر جێگادا باسی وانو بایەزیدو سەعرەتو سلێمانی دەکات . بە کورتی نەخشەی ئێستای تورکیا لەگەڵ نەخشەی ئەوسا جودایە .

● نووسەر هەندێ شتی گوتوە کە لەوانەیە بەلامانەوە سەیر بێو ئەقڵمان نەیگرێ ، ئەمە وایە ، بەڵام بۆیە وایە چونکە نووسینەکە تایبەتی نییە بە ناوچەیەکەوە ، سەراپای ئەو بەشە فراوانەی کوردستان دەگرێتەوە کە هەینێ لەژێر نیری عوسمانلیدا بوو ، جگە لەوەی کە باسەکە نزیکەی نەوەد ، سەد ، ساڵ پێش ئێستا نووسراوەو هەڵبەت لەم ماوەیەدا باری ژیانی کوردو ڕەوشتو ڕەفتاری ڕۆژانەیان هەندێ گۆڕانی بەسەردا هاتوە .

● نووسەر لە هەندێ جێدا کە ناوی کوردی هێناوە ، بە جەردەو ڕێگرو کێویو شتی وا باسی کردوە ، هەڵبەت منیش دەستم لێنەداوەو وەکو خۆیم هێشتۆتەوە چونکە دەستپاکی لە وەرگێڕاندا ڕێی نەداوم ئەم جۆرە ووشانە بسڕمەوەو لایان بەم . ڕاستە کورد ئەوسا زیاتر بە کۆچەرییو گەڕیدەیی ژیاوەو جەردەو ڕێگری هەبوە بەڵام نووسەر دەبوایە مەوزوعیانە بدوێو هەر هیچ نەبێ سەراپای نەتەوەکەمان بە جەردەو ڕێگرو شتی وا دانەنێ ، خۆ ئەوەندەش هەیە کە ئەو نووسەرە ئەوروپیانەی باسی کوردیان کردوە (زۆریان) لە کاتی نووسیندا کەوتوونەتە بەر کاریگەری بیروباوەڕی دوژمنانی کوردو نەیانتوانیوە بە تەواوی خۆیان لەم تەوژمە ڕاپسکێنن .

● نووسەر ، لە هەندێ جێگادا ، قسەی وای کردوەو ڕای وای دەربڕیوە کە زیاتر لە ئەفسانەوە نزیکن تا لە ڕاستی • بۆ نموونە ، دەڵێ هەندێ کورد لەو باوەڕە دان خوێنی ئینگلیزی‌یان لە دەماردا دەگەڕێ ، ئەمەش یان بۆ نەوەکانی کەیغانی ژنی فەقێ ئەحمەدی داریشمانە دەباتەوە ، یان بۆ تاقمێ خاچپەرستی سەردەمی شەڕی خاچپەرستان کە ڕێگایان بزر کردوەو لە کوردستان‌دا گیرساونەتەوە ؟ لە هەردوو باردا قسەکە خەیاڵێکی خۆشە بۆ مرۆی ئەوڕووپیو لە ڕاستی‌یەوە دوورە •

● هەروەکو لە ناوی کتێبەکەشەوە دیارە ، نووسەر بایەخی زیاتر بە باری فۆلکلۆری کوردی داوە بە تایبەتی چیرۆکو ئەفسانە ، هەندێ لەو چیرۆکانە هەر زۆر زۆر باون وەکو چیرۆکەکانی خۆجە نەسرەدین ـ مەلای مەزبوورە •••

پێش ئەوەی کۆتایی بەم پێشەکی‌یە بێنم حەز دەکەم بڵێم خاتوو کارنێت هەندێ ووشەی کوردی یان عارەبی یان تورکی بەکار هێناوە ، منیش ووشەکانم نەگۆڕیوە ، چۆن ئاوا نووسیومنەتەوەو خستوومنەتە نێو دوو کەوانەوە « ••• » •

دوا جار ، هیوادارم کە خوێنەری ئازیز تام لە خوێندنەوەی ئەم نامیلکەیە وەربگرێ کە من لام وایە بریتی‌یە لە هەندێ سەرنجی خێراو گشتی دەرباری ژیانی کوردو ئافرەتی کورد بە گشتی‌و هەندێ چیرۆکو بەسەرهاتی ئەفسانەیی بە تایبەتی •

ئیتر ئێوەو زەوقو ڕای خۆتان دەربارەی کتێبەکە •؟

عەزیز گەردی
بەحرکە
١٩٨٣/٢/٥

بەشی یەکەم

ئافرەتی کورد : باری ژیانو پیشەیان

کورد لە چیاکانی ڕۆژهەلاتی ئاسیای بچووك بە پەرتو بلاوی هەن هەر لە توورووسەوە تا قەوقاس ، لە کوردستانیشدا لەگەڵ هەندێ نەتەوەیتردا تێکەڵن • کورد دوو توخمن کە ئەدگارو ڕەوشتی ژیانیان تەواو پێچەوانەیە : یەکێکیان کۆچەری چوستو چالاكو سەرخوایەو ئەوەی تریان تەپو سستەو خەریکی کشتوکاڵەو هێندە زیرەك نییە[1] • ئەدگاری جوتیارەکان لە هی خێڵەکییەکان نەرمو ڕێکترە • خێڵەکییەکان لووتدرێژو قەلانگی ، نێوچەوان فیت ، چاو قووڵو تیژو بە زۆری ڕەش ، لێو ڕەش یان شینو بچووك ، چەنەگە تیژن • کە دەڕۆن هەنگاویان توندو پۆڵەو ڕۆیشتنیان بە شانازیو دەبدەبەیە ، کە چاوت پێدەکەون وا دەزانی ئاغاو سەرداری وولاتن •

بە گشتی وەریبگری ، کورد گەلێکی بەهێزو لەشساغن • هەر چەندە ئاوهەوای وولاتەکەیان لە گۆڕان دایە بەلام باش دەکەونە ناو سالانو تەمەنێکی زۆر دەژین • منداڵیان پێستە ناسكو ڕوومەت گوڵن ، بنیادەمی بچکۆلانەی چالاكو چەتوونو قشتن • ئافرەتی جخێڵیش ، بە تایبەتی لە توورووس ، نموونەی ئەندام جوانیو ڕێكوپێكین •

مستەر میلینگن ئەو ماوەی لەناو ئەم جەردە چیاییانەدا ژیاوە

---

(١) پەندێکی تورکی هەیە دەڵێ : «گەوجە ، دەڵێی کوردە» ئەم پەندە تەنیا جوتیارەکانی کورد دەگرێتەوە •

زۆر کچی قۆزی دیوه ، بەم جۆره وەسفی نایابی کچێکیان دەکات :

« ئەدگاری کچەکە وێنەی خونچە سێوی قـەدەغەی بەهـەشتی سەر زەمینی پێبەخشیم • چاوه کاڵـەکانی وەك تیشك لـەناو ڕیزی موژه درێژو ئەستوورەکانیدا دەبریسـکانەوە ، دەمو لووتـی ناسـك و بێعەیب بوون • هەر چەنده بەرگی بەری هێنده پۆشتەو پەرداخ نەبوو بەڵام شێوەی نازداری لە تۆی ئەو بەرگەدا خۆی دەنواند • ئـەوەی لـە هەموو شتێ زیاتر سیحری جوانی پێدابوو سیمای سادەو هێمن و مندالانەی بوو کە لە ڕوخسارو لەسەراپای ڕەفتاریدا دیار بوو »[۲] •

هەندێ کوردی بۆکتانو هەکاری دەڵێن گوایـه نەوەی خەلیفـه ئەمەوی یەکانن • هەندێ گەڕیدەش لەو بڕوایەدان کە خێڵی (ڕۆوادی) ـ کە سەلاحەدین لەوان بوو ـ دەشێ هەمان خێڵی (ڕەفەندی) یـان (ڕەوەندی)ی هاوچەرخ بێ • سەرۆکەکانی خێڵی (بەبە) بە سوور بوونو متمانەوه دەڵێن گوایـه خوێنی ئینگلیزییان لـە دەماردا دەگەڕێو لـە کەیغانی داپیره گەورەیان کەوتوونەتەوه ـ لە بەشێکی ئایندەدا ئەفسانەی ئەم کەیغانە دەگێڕمەوە[۳] ـ بەڵام چیرۆکێکی تر هەیە هێنده ئەفسانەیی نی یە دەڵێ تاقمێکی سەر بە هەڵمەتی دوەمی خاچپەرستان(۱۱٤۷–۱۱٤۹)؟ لە سوریاوه بەرەو باکووری ڕۆژهەڵات چوونو لە گەڕانەوەدا ڕێیان بزر کردو وێڵ بوونو لە کوردستاندا گیرسانەوه[٤] •

ئەم دوو توخمەی باسمان کردن ، لە ناوخۆیشیان جودانو بـه

---

(2) Wild life among the Kurds.

(۳) بڕوانە بەشی چوارەم (کچێکی پاڵەوان) •

(4) Binder, Au Kurdistan, en Mésopotamic, &c, P. 110.

زاراوەی دەوارنشین یان (کۆچەر)و (جوتیار) یان « رەعایا Rayah“ ناو دەبرێن •

دەڵێن جوتیارە کوردەکان چوار پێنج هێندەی جەنگاوەرەکان دەبن • جەنگاوەرەکان بە تەخمین (١٣) هەزار خێزانن و لەمانە (١٠) هەزاریان کۆچەرن و ئەوەی‌تریش لە شارو گوندەکان دەژین • ئەم هەموو جەنگاوەرە کوردانە سەر بە خێڵەکانن ، خێڵیش سێ جۆری هەیە : «عاشیرەت – ashirè خێڵی گەورە ، «قەبیلە – Quablilè خێڵی ناوەنجی ، «تایەفە – Taifé – خێڵی بچووك • ئەم خێڵانە بە ڕەشماڵ یان بە ماڵ حسێب دەکرێن و هەر ماڵێك یان ڕەشماڵێك ٥ – ٢٠ کەسی تێدایە • عاشیرەتی گەورە دەبێتە چەند قەبیلەو تایەفەیەك ، یان دەبێتە چەند تایەفەك • ووشەی تایەفە وا دەبێ بۆ عاشیرەت بەکار بێ ، جا چ گەورە بێ و چ بچووك • ئەو خێڵە بچووکانەی سەر بە هیچ عاشیرەتێك نین پێیان دەگوترێ تایەفەی لاتەریك •

عاشیرەت یان خێڵ ، لە خێزانی سەرۆك و هەندێ خێزانی‌دی پێك دێ کە کەم تا زۆر خزمایەتی‌یان هەیە • لە ناو هۆبەدا ، ڕەشماڵی سەرۆك لە هەموو ڕەشماڵەکانی‌دی گەورەترەو لەناو هەموویاندا دیارە؛ چونکە شوێنی پرس و ڕاوێژکاری و دادگا بەستن و کۆبوونەوەی گشتی پیرەکانی عاشیرەت و جێی میوانداری گشتی‌یە • هەستی عەشایەری و دڵسۆزی بۆ سەرۆك نیشانەیەکی سەرەکی ئەم گەلە سەرسەختەیە • لەگەڵ ئەوەش‌دا سەرۆك عاشیرەت حاکمێکی تاکڕەو نی‌یە • دەنگی پیرەکان سەنگێکی زۆری هەیەو وەك لەمەو دوا باس دەکەم ژنیش بەشداری سیاسەتی عاشیرەت دەکەن •

هەرچەندە ، ئەو ناوچانـەی ئێستا پێیان دەگوترێ کوردستان ، سێ هەزار ساڵە ، کەم و زۆر ، لەلایـەن زۆر کەسـەوە داگیرکراوە بـەڵام کورد هـەرگیز مۆرکی نـەتەوایـەتی خۆیـان نـەدۆڕاندوە • لـە سەرەتای داگیرکردنی عوسمانلی‌یـەوە تا ئێستا ئـەم کوردانـە ، بەردەوام ، لە نێوان دوو هێزی ئیسلامی ناحەز بەیەك دەهەژێنەوە کە سونەو شیعەن‌و لە تورك‌و فارس‌دا خۆیان دەنوێنن‌و کورد بە گوێرەی ڕۆژگار هەر ماوەی لەگەڵ یەکێکیاندا بوون •

هەر چەندە کە جەنگاوەرە کوردەکان زۆریان ئازار لـەو شەڕە بەدفەڕانە چەشتوە کە تورك‌و فارس پێیانفرۆشتن‌و هـەر چەندە کـە ئـەم دوو نـەتەوەیـە بـەدەوام دەرەبـەگی ناوەخۆیان وروژاندوە بۆ بێهێزکردنی جەنگاوەرە کوردەکان بەڵام ئـەم جەنگاوەرە کوردانە ، ئەگـەرچی سـولالـەو دەستووری سیاسی‌و ئایینـی دێرین‌و پاشـخانی مێژوویی‌و ئـەدەبی‌یان نەبوە بـە یەکـەوە بیانبەستێتەوە ، هێشتا هـەر توانیویانە بە نیمچە سەربەخۆیی بژین‌و وەك جاری جاران نەتەوەکەیان بە مۆرك‌و نیشانەو خـەسیەتەوە بپارێزن کە لـە نەتـەوە جیرانەکانیان دادەبڕێنێ •

لەم سەدەی دواییدا ، هیوای نەتـەوایەتی ، سێ جار ، دنـەی داون بۆ ئەوەی نیری تورکی فڕێ بدەن بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو ناوچە شاخاوی‌یانەی لێی دەژین ناوچـەیەکی پان‌و بەرینـە ، سەرکەوتنیان کـەم بوە ، یان هـەر نـەبوە • هیچ نەتەوەیەکی‌دی نەیتوانیوە وەکو ئەم نەتەوەیە ، کە وێ دەچێ جێگری کلدانیەکان بن ، لـە هـەڵو مەرجی وا سەخت‌و نالەباردا ، مۆرکی نەتەوایەتی خۆی بپارێزێ •

خانووی دەشتی کوردان بـە زۆری وەکو خانووی ئەرمـەنی‌یە

دراوسێکانیان ـ کە باسمان کردن★ ـ بن عـەردە ، کـە گـەوڕی لـە (سـەلاملغ ـ selamlik)یان ژووری گشتی دەکاتـەوە • ئاگردانـی چێشت لێنان بریتی‌یە لە تەندوورێکی زلی قوڕ ، ناوەڕاستەکەی بەرینەو لە سەرەوەو بنەوە تەسك بۆتـەوە • لـە ناوەندی ژووری سـەرەکی ماڵەوە لە عەرد دەگیرێ • «تەزەك ـ tazak »★★ی تێدەکـەن کـە سووتەمـەنی‌یەکی خۆماڵی‌یـەو بریتی‌یـە لـە قەسـەرو شیاکـەی ووشك‌کراوە • شیشەیەك دەخـەنـە سـەر زارکی‌و کتلی‌یـەکی بـە زنجیرێك پێوە هەڵدەواسن • ئافرەت لـە سەر ئەم ئاگردانە دادەنیشن‌و هیچ گوێ بـە دووکـەڵو کڵپـەی ئاگر نادەن کـە وەکو لـە زارکی بورکانەوە دەربچێ ئاوا لە زەوی دەردەچێ‌و دووکەڵەکەش بە کونێکی بچووکدا دەچێتە دەرەوە کە لە بڵندی ، لە دیوار کراوەتەوەو نەختێ ڕوناکیشی پێدا دێتە ژوورەوە کە دانیشتوانی ماڵ قناتی پێ‌دەکەن •

کەلەوپەلی ناوماڵیان زۆر سادەیە • تەنیا هـەندێ بەڕەو لێفە ، برێ حـەسیرو کـەمێ هـەمبانە بۆ هـەڵگرتنی ئـەو جـلوبـەرگ‌و کەرەستانەی زۆر پێویستیان پێ‌نابێ • ماڵ بریتی‌یـە لـە ژوورێك کـە ناندین‌و ژووری دانیشتن‌و ژووری نووستنەو سێ چوار نەوە دەگرێتـە خۆی • لەو ژوورەوە دەچێتە ژووری ئازووقە کە کۆڵێکی چیمەنتۆی وەکو تابووتی کۆن‌و هـەندێ جەڕەی جۆراوجۆری تێدایـە ، ئـەوەی هـەرە گـەورەیان چـوار پـێ بڵنـدەو وەکو « ئـەمفۆرا ـ amphora »ی گریکی وایـە • جۆرە بیرەیـەك کـە پێی‌دەگوتری « بۆزا ـ Boza »و جۆرە شەرابێك کـە پێی دەگوترێ « ناردەنك

★ نووسەر لە بەرگی یەکەم ـ بەشی ٦ ، ٧ ، ٨ ، ٩ ی کتێبەکەی‌دا، باسی ئەرمەنی‌یان دەکات • (وەرگێڕ) •

★★ تەزەك : تەپالە (وەرگێڕ) •

nardenk «و له ئاوی هەنار دەردەهێنرێ ، لەم کۆڵەدا دروست دەکرێن • بێجگە لەمانە ژوورەکە هەندێ ئازووقەی تریشی تێدایە کە لەناو گۆزەی گەورە(٥) کراوەو بۆ خواردنی ماڵەوە دادەکرێ •

لە سلێمانی کە پێتەختی کوردانە باشترین جۆرە خانوو چوارگۆشەیەو یەك نهۆمە • بناغەی سێ پێ دەبێو لە خشت دروست دەکرێو بە قوڕی بە کا هەڵدەسوورێو لای ناوەوەی زوورە سەرەکی یەکان بە گەچ هەڵدەسوورێو ئاغەبانیش کاریتەیەو قامیشی دەهاویشترێتێو قوڕەپەست دەکرێ • دەوراندەوری خانوەکە حەوشێکی بە شوورەیەو لە ناوەڕاستەوە بە دیوارێك کراوەتە دوو بەش کە نە هەردوو سەرەوە لە ناوەڕاستەوە دەگاتە خانوەکە • لای پێشەوە کە سەلاملغە دەکەوێتە حەوشەیەکو لای پشتەوە کە حەرەملغە دەکەوێتە حەوشەکەی دی • باخچەیان بریتی یە لە پارچە فریزێکی سەوزو سێبەری دارچنارو تووی هاتۆتەوە سەرو بە بنەگوڵ دابەش کراوەو ئاوی چیای لە جۆگایەکەوە بۆ دێ • بەشی سەرەکی خانوو « تالار ـ Talar »ە کە وەکو ژوورێك وایەو لای پێشەوەی تەواو والایە • لە وەرزی گەرمادا لەو تالارە دادەنیشنو هەر لەوێش دەخەون • تەنیا خەڵکە هەژارەکە لەسەر بان دەخەون • هەندێکیان لە فرچەی گەرمادا ، کە مانگێك درێژە دەکێشێ ، لە ترسی کێچ لەناو «چارداخ ـ tchardah » یان کەپر ، لە حەوشە لەسەر سەکۆ ، یان لەناو

---

(5) Xenophon in his "Avábádls," or retreat of the ten thousand:

دەڵێ : کاردوخی (Carduci) شەرابیان لە حەوزی چیمەنتۆ هەڵدەگرت : bk. 1v. chap. II.

خێوەت ، دەنوون ـ دەڵێن کێچ لەم ناوچەیە لە هەموو ناوچەکانی تری تورکیا پیستر و ترسناکترە •

سەلاملغ ژوورێکی گەورەو بەرفراوانی تێدایە ، ڕوناکی یەکەی کزەو هاوینەکـەی فێنکـە • ژوورەکانی زستانی بـە دالانێکی تاریكو درێژ دەگەنەوە یەك •

خانووی ئاسایی بریتین لە کوخی قوڕ کە وەکو گوندی عارەبی خۆیان دەنوێنن • هـەموو ئیشو کاری ماڵـەوە لـە دەرەوە دەکرێو سەراپای خێزانیش ، لـە بەرچاوی دراوسێو ڕێبواران ، لەسـەر بانی نزم دەخەون •

کوردستان بە زۆری بوورو بەیارەو باخچەو شینایی تەنیا لە نزیك شارو گوندە گەورەکان هەن • پاوان تاکە سەرچاوەی ژیانی خێڵەکانە• ئەم خێڵانە هاوینان ئەم چیاو ئـەو چیا دەسووڕێنەوە بـە دوای پاوانو ئاودا بۆ مێگەڵە گەورەکانیان • خێڵ لـە مانگی ئاداردا دیمـەنێکی زۆر دڵفرێنی هەیە • گا بار دەکەنو هەندێ جاریش وەك سەربار دوو سێ منداڵو لانکێکی لێدەنێن ، جـاری وایش هەیـە دایك لانك ، بـەو هەموو شتەی تێیدایە ، لە پشتی خۆی شەتەك دەدا •

هەندێ ژنو پیاو بە پێیان دەڕۆنو سەرپەرشتی کۆچو ڕەوەکە دەکەن • هەندێ زەلامی چەکداریش بـە شێنەیی دەڕۆنو پاسـەوانی کۆچەکە دەکەن • ئەمانە گۆچانیان لەبـەر کەمەردایەو شیرو قەڵغانیان لە پشتە • لە کاروباری مەڕداریو مێگەل بەخێوکردندا ، پیاو بێجگە لـە چوونـە بەر مـەڕ هیچ ئیشی دی ناکەن • ئیشـەکانی تر هـەموو دەکەونە ئەستۆی ئافرەتان •

کورد بـە دەگمـەن گۆشتی مـەڕی خـۆیان دەخۆن • دەڵێن

گۆشتەکە لەوە گرانترە کە بەوان بخورێ ، ئیدی بە زۆری قنیات بە بەرو بومی ڕێچاڵ دەکەن وەك : شیرو پەنیرو کەرەو ماستو دۆ yoaurt ، لەگەڵ نانی تەنکی «تەندوور – tandour »و لەباتی پلاو برنج پلاو ساوار لێدەنێن • بە ڕێگایەکی زۆر سەرەتایی نفیشك دەگرن • مەشکەیەکی گەورە پڕ ماست دەکەنو بە دوو پەت ، بە شێوەیەکی ئاسۆیی ، هەڵیدەواسنو کچە کوردێ دەیژەنێو پاش ماوەیەك ماستەکە دەبێتە نفیشك • پەنیریان کە پێی دەگوترێ « ژاژك – djadjk »★ و شتێکی زۆر بەتامە ، هەندێ گیای تیژی تێدەکەن کە نوکهەیەکی وەك هی پیازی پێدەدا •

بەرگی ئافرەتی چینی بەرزی کورد بریتییە لە ژێرکراسێکی فشی بە قۆڵو دەرپێیەکی بەرینی تورکی کە بە کەمەرێکی ئاوزێنە زێڕ یان زیو لە ناو قەدەوە قایم دەکرێ • کراسێکی لەسەر لەبەر دەکەن وەکو کورتەکی زەلامان وایە ، ئەوەندە هەیە شۆڕەو لەبن گەردنەوە توند دەکرێو ژێر کراسو دەرپێی لێوە دیارە • کراس ، بە پێی وەرزو پایەی کۆمەڵایەتی ئافرەتەکە ، لە ئارمووشی خەتخەت یان ڕەنگاوڕەنگ ، یان لە قوماشی جورجێت یان قوستەنتینیە یان قوماشی گرانبەهای ڕۆژهەڵاتی دروست دەکرێ • ئینجا « بیش – bish » کە بە زۆری لە قوماشی ئەتلەسەو وەکو کراس هەڵدەبڕێ بەڵام قۆڵەکانی کورتو تەسکەو ناگاتە سەر ئانیشك • زستانان ، لە باتی ئەم بیشە « لباردێ – Libardé » یان کورتەکی درێژی بە لۆکە لەبەر دەکەن • ئافرەتی کورد هەندێ جار زستانان ، «چارۆکە – tcharokia »ی میللی لەبەر دەکەن کە وەکو عەبا وایەو لە قوماشی

★ هەڵبەت پەنیرو ژاژی جیان و یەك شت نین (وەرگێر) •

داشداشی زەرد یانسوور دروست دەکرێ ، لەسەر شانەوە قایم دەکرێو تا خوار ئەژنۆ شۆڕ دەبێتەوە • سەرپۆشیان زۆر پارچەیە • چەند دەسرۆکێکی ئارمووش یان چەند کۆلوانەیەك ، کە هەموو ڕەنگەکانی پەلکە زێڕینەیان تێدایە ، بە دەرزی وەکو تاجێکی دوو پێ بڵند لێك توند دەکرێنو لچکە درێژەکانیان شۆڕ دەبێتەوەو دەگاتە پاشپانی • هەندێ لەم تاجانە بە ڕیزە قەیتانی زێڕ دەڕازێنرێنەوەو هەندێ خشڵی زێڕی وەك گەلای بچووکیان پێوە شۆڕ دەکەنەوە کە لەگەڵ ملوانکەی دراوو مووروو جێگەی خشڵی ئافرەتی کورد دەگرێتەوە • سەرباری ناڵەباریی ئەم جۆرە سەرپۆشەو ئەو سەر رووتی‌یەی لێی‌پەیدا دەبێ دەڵێن ئافرەت بە شەویش لە سەری دەنێنو بۆ ئەوەی تێك‌نەچێ سەرینی بچووکی بۆ دادەنێن •

بەرگی ئافرەتی جوتیاریش دەق وەکو ئەمە وایە بەڵام هەمیشە لە قوماشی شین دەکرێ • چارۆکەیان شینێکی تۆختەو لە دامێنی خوارەوەی داخی سپی تێدایەو لچکەکانی لەسەر سنگ یان شان گرێ دەدەنو تاسێك لەسەر دەنێنو پرچیان لەسەر روو گڵوازە دەخوانەوە •

هەر چەندە ئافرەتی کورد بەناو موسلمانن بەڵام کە دەچنە دەرەوە زۆر بە توندی خۆیان داناپۆشن • لە شارێکی گەورەی وەك سلێمانی کچ قوماشی شینی داشداشو پۆشی ڕەش لەبەر دەکەن کە ئافرەتی تورك لەناو ماڵەوە لەبەری دەکەن • تەنیا ئافرەتی چینە بەرزەکان کە حەز دەکەن بە دزیەوە بە شەقامەکاندا بسوورێنەوە ئەم پۆشی‌یە بەردەدەنەوە ، هەندێ ئافرەتی چینە نزمەکان بە زۆری بە ڕووی واڵاوە دەسوورێنەوە • ئافرەتی لادێ کە بچنە سەفەرو لە دێ دەربچن خۆیان دەپۆشن • کۆچەریش کە دەکەونە کۆچو ڕەو نەختێ

ڕوویان بە دەسرۆکێك یان لەچەکێك دادەپۆشن • لێرەدا بە پێچەوانەی لای تورکەکان ، نۆکەری پیاو بە سەربەستی هاتو چۆی حەرەمسەرای ئافرەتان دەکاو سەراپای خێزانیش بە رووی میوانی پیاوەوە دەچنو بەخێری دێنن •

سەرباری ئەم سەربەرستی‌یە ڕوکارەی ئافرەتی کورد لە ڕفتارەوە هەیەتی ، تا ئەوپەڕی شەرەفو داوێن پاکی خۆیان دەپارێزن • کورد ، نە ترسی باوی ناو ئەرمەنی‌یانو نە زێدەڕۆیی ڕەوشتپارێزی عوسمانلی‌یان هەیە • ڕاستی ، لە چاو نەتەوەکانی‌تری وولات ڕەوشتیان بێ وێنە بەرزە • ئافرەتی بەمێرد هەر خیانەتو ڕوخانێکی لێ‌ڕووبدا ، خێرا مێردی بریندار سزای مەرگی دەداو ئەو پیاوەی ناپاکیشی لەگەڵ ژنەکە کردوە بە هەمان دەرد دەچێ • ئەو کەسەی بەم جۆرە سزای ژنەکەیو دۆستی ژنەکەی بدات هیچ لەکەی کۆمەلایەتی نایەتە سەر • بە پێچەوانەوە ، زۆر بە ڕیزو شانازی‌یەوە سەیری ئەم کردەوەیەی دەکەن • زۆر چیرۆك لە ناو کوردان هەن باسی ئەم جۆرە سزاو تۆڵەیە دەکەن •

چیرۆکێك هەیە باسی ئەوە دەکا چۆن کابرایەك کە سەرۆکی لەشکرێکی نانیزامی بوو لە بەغدا ، بیستی ئەو ماوەی لە ماڵەوە دوور کەوتبووەوە ، ژنە کرمانجەکەی گومانی بێ‌ئەمەکیو داوێن‌پیسی لێ‌کراوە ، بە دزی گەڕایەوە شاری خۆیانو شەو خۆی گەیاندەوە ماڵێو ژنەکەیو دۆستی ژنەکەی پێکەوە کوشت •

چیرۆکێکی‌تر هەیە باسی ئەوە دەکا چۆن کابرایەك ، ئاغا ناچاری کرد ماوەیەك دوور بکەوێتەوە ، کابرا کوڕێکی (١٥) ساڵی هەبوو • ئەم کوڕە لەگەڵ زڕدایکی لە ماڵەوە بوو ، وەختێك زانی زڕدایکی

دۆستی هەیە ، هەردووکی پێکەوە کوشتن •

لەم هەردوو نموونەیەدا ، کردەوەکە زۆر بــە ڕیزو شانازی‌یەوە وەرگیراوەو ئــەوەی کردوویە دۆستو دراوسێ ئــەو پــەڕی ڕیزیان لــێناوە • خزمــی تاوانبارەکــانیش هیچ شــکاتیان نــەکــردوە لای دەسەڵاتدارانو هیچ ناڕەزایشیان پێشان نەداوە • بە پێچەوانەوە ، ئەو تاوانــەی دەبێتــە هۆی کوشتنەکە تاوانێکی هێندە گــەورەو زلــە لای کورد ، کەس سەرخۆشیش لە خاوخێزانی کوژراوەکە ناکات •

زۆر چیرۆکی باوی دی لە بارەی ئافرەتی بەمێردو بێ‌مێرد هەیە کە مەردانە بەرگری‌یان لە شەرەفی خۆیان کردوەو ئەوەی دەستی بۆ درێژ کردوون کوشتوویانــە • یــەکێ لــەم چیرۆکانە کــە هەر زۆر کاریگەرە ، ئەمەیە کە بە کورتی بۆتان دەگێڕمەوە :

ئافرەتێکی کورد چوبوەوە ماڵە باوانی‌و بە تەنێ لەگەڵ نۆکەرێکی پیاو دەگەڕایەوە ماڵی مێردی کــە ڕۆژەڕێ‌یەکیان بــەین بوو • لــە ڕێگادا ، کابرا خۆی گنخاندو لــەباتی ئەوەی پێش ڕۆژاوا بگەنەجێ ، شەویان بەســەردا هاتو ناچار لایاندایە خانێکی تەنیاو لاپەڕ کــە بە جێگای دزو جــەردان ناوی ڕۆیشــت بوو • کابرا ئەسپەکانی داکردو سەرکەوت بۆ ئەو ژوورەی خانمی لێ‌بوو •

نیازی گڵاوو بەدنمەکی‌ی بزووتو ویستی دەستی بۆ بەرێ بەڵام ژنە پێشتر لە مەرامی گەیشتبوو چەقۆیەکی بچووکی حازر کرد بوو • هەر هێندە کابرا دەستی بۆ درێژ کرد ، ژنە چەقۆکەی لــە گــەروو ختم کردو ساردی کردەوە • ژنــە نەوێرا لەم شوێنە پڕ سامو ترسە چاو لێك بنێ ، ئیدی لە قوژبنێك‌دا هەڵترووشکا تا ڕۆژ دەبێتــەوە • نیوەشەو ، لە دەنگی سمی ئەسپێك ڕاچەنی کە هاتو لە خانەکە نزیك

بوەوە چونکە بێجگە لـە پیـاو خراپ کێ زات دەکا بـەم شەوە ئەنگوستەچاوە بێتە ئەم خانە ترسناکە ؟ ژنە هەستی کرد کابرا دابەزیو دیاربوو لە تەویلە دەگەڕا ئەسپەکەی لێبەستێتەوە • کابرا لە خوارەوە جلەوی ئەسپەکەی بە دەستەوە بوو رایدەکێشا ، ژنە بیری کردەوە : «ئەگەر ئەم کابرایە ئەسپەکانمان ببینێ ، من تێچووم !» دەستی دایـە چەقۆکـەیو خێرا قۆڵێکی کابرای کوژراوی بڕیو لـە پەنجـەرەوە هاویشتییە کابرای بیانی • کابرا ، سەنگرایەوە ، کشایەوە ویستی بۆ جـاری دوەم تێبـەڕێ ژنە قۆڵەکـەیتری کـابرای کوژراوی بڕیو ئەویشی تێگرت • کـابرا هـاواری کرد : « هۆ ، کابرا ، تۆ هـەر کەسێکی هەی ، بزانە من (دەرگۆ)ی (لیزان)[٦]م و لێت ناترسم ! »

ژنە لە خەنی خۆشییان شاگەشکە بوو ، دەنگەکە دەنگی مێردی بوو • ئیـدی وەڵامـی دایـەوەو هـاواری کـرد : « کورە دەرگۆ ئـەوە مبنـم مـن ، (گوزێل)ی تۆم ، وەرە ڕزگـارم کـە ! » مێردی مەندەهۆش‌و ژنەکـەی پێك شادبوونو بـە دوو قۆڵی کەوتنـە قسـەو گێڕانـەوەی بەسـەرهاتی خۆیان : دەرگۆ نـەیزانی بوو ئـەو ڕۆژە ژنەکەی دەگەڕێتەوە ، وا نەبوو لەبـەر ئەوەش هاتبێ کـە دواکەوتنی ژنەکەی هەراسانی کرد بێ بەڵکو ئەو ئێوارەیە لەگەڵ تاقمە برادەرێك خەریکی بەزم‌و ڕەزم‌و ڕابواردن بوون ، قسە هاتە سەر باسی ئازایەتی دەرگۆ ، دەرگۆش بۆ ئـەوەی ئازایـەتی خۆی بسەلمێنێ گرەوی کرد کە نیوەشەو بە تاقی تەنێ بچێتـە باسخان و نیشانـەیەك لـەوێ بەجێ بێلێ • لە خانەکەدا خەریك بوو لە شوێنێك دەگەڕا نیشانەکەی لێدابنێ کە ژنەکەی قۆڵی بنیادەمی بۆ هاویشت • هـەر چەندە کە دەرگۆ وای

---

(٦) لیزان : شارێکە لە بەینی بتلیس‌و وان •

زانی ئەمە جەردەن لەوێ دالدەیان گرتوە بەڵام هیچ نەترساو ئەوە بوو نەبەردانە ژنەکەی دەنگ‌داو لێك‌ئاشکرا بوون •

مستەر ڕیچ ، کـە بـە کوردستاندا گـەڕاوە ، تووشی کچێکی عاشیرەتی بلباس بوە کـە تورکێك ویستبووی دەستی بۆ ببا ئـەویش نەیکردبوە نامەردی ڕمێکی لێدابوو کوشتبووی • ئەم کچە شۆڕەسوارە چجێلە بەرگی پیاوانی کردبوە بەرو لـە خزمـەتی فەیزوللا فەندی دا بوو ، هەمیشە گوێڕایەڵو دڵسۆزی بووو لە هیچ گەشتو گەڕانێك‌دا لێی‌دانەدەبڕا • ئافرەتی ئەم عاشیرەتە زۆر ئازاو بەجەرگن • جاری وا هەیە وەك جەردە ڕێگری دەکەن ، وای لـەو بازرگانو ڕێبوارەی بکەوێتە بەر دەستیان ! هەر بەوەندە بەرۆکی بـەر نادەن کـە ڕووتی بکـەنو چی پێیە لێی‌بسێنن بەڵکو دنـەی دەدەن بۆ ئـەوەی زەوقی هەڵبستێ ، ئینجا چۆنی بە خـەیاڵی فراوینیان دابێ بـەو جۆرە سزاو ئەشکەنجەی دەدەن ، وەکو ئەوەی کـە دڕکی لـە لـەش ڕابکـەنو بیرووشێننو چقلاژنی بکەن •

ژنو پیاو لەناو ماڵەوە بە یەك چاو ڕەفتاریان لـەگەڵ دەکرێ • ژن لە هەڵس‌وکەوتنیاندا لەگەڵ دایكو باوكو خوشكو منداڵان زۆر لە پیاوان نـەرمترنو بـە شێوەیەکی گشتیش زۆر لـە مێردیان نەرمو میهرەبانترو بێندرێژترن • بۆ ڕوونکردنەوەی ئـەم جۆرە ڕەفتـارەو سەراپای ڕەوشتی کوردی ئاکنجی ، لەوە باشترم دەست ناکەوێ کـە ئەم چیرۆکە سەرنجکێشەی خوارەوەتان بۆ بگێڕمەوە :

ــ پاشا پەندێکی دایە ژنەکەی ــ(٧)

هەبوو نەبوو ، زۆر جاروا دەبوو ••• با لـە خوای گـەورە

(7) Jaba, Recueil de Notices etRecits Kourdes, P.32,

بپارێنەوە ڕەحم بە دایكو باوكمان بكا كە ئێستا گوێیان لێمانە[٨] •

لە زەمانی پێشاندا ، پاشاكانی بایەزید هیچ ماڵو سامانیان نەبوو، تا بڵێی دەستكورت بوون • داهاتی دێكانو هەرچی بەروبووم هەبوو « عەیان – âyân »و « ئاغا – agha »كانی ناوچەكە دەیانبرد كە خاوەن موڵكی دەوڵەمەند بوونو زۆر نۆكەرو سەربازی ئازایان هەبوو، هەردەم ئامادەی شەڕو هێرش بوون • ئاغاكان بە نۆرە ئازوقەی ڕۆژانەیان بۆ ماڵی پاشا دەنارد • ژنی عەیانو ئاغاكان زۆر پۆشتەو پەرداخ بوونو شتی زۆر بە نرخو ناوازەیان هەبوو ، كەچی ژنی پاشاكان بەرگیان زۆر سادەو ساكارو ئاسایی بوو • ڕۆژێكی جەژن ، ژنی ئاغاو عەیانەكان چوونە جەژنانە و دەستماچ كردنی « خانم – hanum » • خانم كە سەیری جلو بەرگو خشڵی ئاغە ژنەكانو جڵو بەرگی خۆی كرد ، لە خۆی تەریق بووەو زۆر پەستو شەرمەزار بوو •

ئێوارێ ، كە پاشا چووەوە حەرەملغ بینی خانم كزو عاجزە ، لێی پرسی : « ئەوە چ بوە ؟ بۆ وا عاجزی ؟ » ژنە وەڵامی دایەوە : « عاجزیو دڵبەغەمی بۆ من نەبێ بۆ كێ باشە ! ئەمڕۆ جەژن بوو ، ژنی ئاغاو عەیانان هاتبوونە جەژنانەم ، هەموو بەرگی نایابو بێوێنەیان لەبەر بوو ، سەراپای لەشیان خشڵو زێڕ بوو • بە بەرگی شاییو بەو هەموو خشڵەوە دەستیان ماچ كردم ، ئەدی شوورەیی نییە بۆ من كە خانمم بەو جلو بەرگە ساكارو خراپەوە بە دەمیانەوە بچم ؟ چ لەوە ناخۆشتر دەبێ ؟ »

پاشا وەڵامی دایەوە ، گوتی : « حورمێ ، شاژن ئەوەندەی بەسە

---

(٨) پێشەكی یەكی گشتییە بۆ هەقایەتی كوردی •

که پایەیەکی بەرزی هەبێ ، دەبێ بە پایەی خۆی ڕازی بێو بەرگی جوانو خۆڕازاندنەوە بۆ خەڵکی‌تر لێبگەڕێ » . هەروەها گوتی : « ئەم هەموو ئاغەژنانە ، بە خۆو بە کرمانجەوە خزمەتکاری تۆن ، نرخی تۆ لەوەدایەو ئەوەندەت بەسسە ! ئەم هەموو سوارانەش کە دەیانبینی هەموو فەرمانبەرداری منو بە هەموو دەمێ ئامادەن بەسەر دوژمن دا بدەن . گەورەیی لەوەدایە کرمانجت هەبێو سوار فەرمانبەردارت بن ، نەك جلی پۆشتەو خشڵی زێڕت هەبێ » .

بەڵام خانم گوێی نەدا قسەی پاشا داوای بەرگی جوانو زێڕو خشڵی ئەلماسی کرد . پاشا گوتی : « ئەم شتانە بە هەوەتە چنگ ناکەون ، بۆ ئەوەی ئەو شتانەت بێ دەبێ گوندت هەبێ ، جا ئێستا ناچارم دەست بە ڕووی هەندێ ئاغاوە بنێمو هەندێ کەس دەربکەم بۆ ئەوەی مووچەو بەراتەکەیان بۆ من بگەڕێتەوەو بۆ تۆ بە زێڕو بەرگی جوانی بدەم » .

چەند ڕۆژێکی پێچوو ، پاشا بە دزی ئاغاو عەیانەکانی کۆکردەوەو بۆی باس کردن کە ژنەکەی داوای چی لێکردوە . فەرمانی پێدان نیوە شەو ، بە سواری بچنە دەرەوەو قۆڵ قۆڵ دەورەی شار بگرن . ئاغاو عەیانەکانیش بەش بە حاڵی خۆیان (٣٠٠٠) سواریان کۆکردەوەو شەش پەلیان پێك هێناو شاریان گەمارۆ داو چاوەڕێی فەرمانی شا بوون . بەیانی ، خانم لە پەنجەرەی خۆیەوە سەری هەڵکێشا دیتی لەشکر شاری ئابلووقە داوە ، خێرا پاشای وا‌گا هێناو هاواری کرد : « هەستە ، ئێستا وەختی نووستن نی‌یە ، دوژمن قەلای ئابلووقە داوە ! » پاشا لەسەرەخۆ وەڵامی دایەوەو گوتی : « بڕۆ زێڕو بەرگە جوانەکانت بێنە بیاندە ئەو دوژمنانە بەڵکو وازمان

لێبێنن » • ژنە ڤیژاندی : « دەرکردنی دوژمن وا نابێ ، ئەگەر بە هەندێ پێك دێ ، من نە زێڕم گەرەکەو نە بەرگی جوان ، لە دەست دوژمن دەرباز ببم بەسمە » • پاشا پێی گوت : « مەترسە ، ئەوانەی ژنیان بە خشڵی زێڕو بە بەرگی پۆشتەوە هاتبوە جەژنانەی تۆ سوارو چەکداریان گەلێ زۆرە ، بەلام ئەگەر حەز دەکەی هەموو یان دەردەکەم و مووچەکەیان بۆ تۆ بە زێڕو کوتاڵ دەدەم » • ژنە هاواری کرد : « خوا نەکا ، من شتی وام ناوێ ، ئامادەم بەرگی بەریشم بە گەلو سوپای دلێرمان بەخشم • ئێستا پێ‌لێ‌دەنێم کە گەورەیی بە زۆریی سەربازو سوارە • زۆر بازرگانی دەولەمەند هەن ، بەلام بازرگان چی‌یان لە دەست دێ ؟ گەورەیی ڕاستەقینە بە دەولەمەندی نی‌یە » •

پاشا چوە دەرەوەو فەرمانی‌دا سوارەکان پەرتەی لێبکەن‌و بەرەو ماڵ بکشێنەوە ، بەلام سوارەکان ڕازی نەبوون‌و گوتیان تا فیتە بەدەورێك نەکەین‌و هەندێ چەك‌و خشڵ بە تالانی بۆ خانم نەهێنین ناچینەوە • لێیاندا بەرەو قەرەداغ[٩] بۆی دەرچوون‌و بای سەد هەزار قڕوش تالانیان هێناو پێشکێشی خانمیان کرد ، بەلام شاژن قبووڵی نەکردو دایەوە سەربازەکان ، بۆی ڕون بوەوە کە بێ زێڕو جل‌و بەرگی جوان هەڵدەکات بەلام بێ سەرباز دەسەلاتی خۆی بێ ناپارێزرێ •

ئافرەتی کورد ، بە تایبەتی ئافرەتی خێڵە کۆچەرەکان دەورێکی چالاکیان لە کاروباری کۆمەلایەتی‌و سیاسی خێل‌دا هەیەو ئاگایان لە

---

(٩) قەرەداغ : چیای ڕەش : ناوی قەزایەکی ئێرانی‌یە ، چل میل لە سنووری تورکیاوە دوورە •

هەر شتێکە کــە پەیوەندی بە خێڵەکــەیانەوە هەبێ ـ زەوی و زار ، ڕاوتەگیر ، فێڵو پیلان ، کە لەم هەموو کاروبارەدا تا بڵێی چوستو چاپووکن • ئافرەتیش هەروەکو پیاوەکانیان حەزیان لە بەزمو هەرایەو قەت شەکەت نابن بۆیە هەمیشە ووریان و بە هەموو دەمێ لەسەر پێن بۆ ئەوەی باز بدەنە سەر خانەی زین • هەر چەندە سواری کۆکیش نین بــەڵام لــە ناوەخۆیــاندا ، بۆ بــەزمو هــەرا ، شــان لــە شانی مێردیان دەدەن •

بەشداری‌کردنی ئافرەت لــە ژیانی سیاسی خێڵ ، تایبەتی‌یــەکی ژیانی کۆچــەری و دیاردەیەکی باری ســەرەتایی کۆمــەڵە • مستەر میلینگن دوو نموونە دێنێتەوە کە بە چاوی خۆی دیوینی لــە بەشداری کردنی ئافرەت لە کاروباری گشتی :

پاش قوونە شەڕێك لەگــەڵ خێڵی (شکیاخ) ، کوردەکان شکانو ٢٤ جــەنگاوەریان چووو گەڕانــەوە هۆبــەی خۆیان • وەفدێك بــە هەلــەداوان چوە لای پاشای وان تکای لــێ‌کرد بێ بکەوێتــە بــەینیانو پێکیان بێنێتەوە • لێژنەیەك هاتو چــەند میلیك ما بوو بگەنە هۆبــەی خێڵی (شکیاخ) تووشی کۆمەڵە ئافرەتێك بوون ، پۆشی ڕەشیان بەستبوو تا هێزیان تێدا بوو دەیانشریقاندو هاواریان دەکرد • خــەمی گــرانی ئافرەتەکانو بەرتیلی (ژاژك)[١٠]ی بە تامو بۆی کوردی مەسەلــەکەی چارەسەرکردو بــە هۆی ناوبژیکاری ئافرەتانەوە دەستیان لــە شــەڕو تۆڵە هەڵگرت •

کورد بە گشتی کاروباری پاکۆدانی حسێبیان لەگەڵ ئەو باجەستێنە

---

(١٠) ژاژك : پەنیرێکە نوکهەی پیازی هەیە • پێشتر باسمان کرد • (ژاژك و پەنیر جودان ـ وەرگێڕ) •

ڕەزاگرانانەی دەچنە ناویان ، بۆ ئافرەتان بەجێ دێلن •

جارێکیان باجەستێنێك چوە هەواری حەیدەرانلی‌یان کە خێڵێکی گەورەو دەوڵەمەندەو لە دەشتی باکووری ڕۆژاوای وان هەڵی‌داوە • بوو بە میوانی ڕەشماڵی عەلیاغای سەرۆك خێڵ‌و بەخێرهاتنێکی گەرمیان کردو قاوەی خەست‌و جگەرەیان پێشکێش کرد ئینجا عەلیاغا بە هێمنی پێی گوت سەربەست‌بێ‌و بچێ بە ناو ڕەشماڵەکاندا بگەڕێ‌و مەڕانە کۆ بکاتەوە • کابرا کە چوە ناو ڕەشماڵەکان دیتی کە دەیەوێ شتەکان حسێب بکا ئافرەت تا پێ‌یان بکرێ شتی لێ دەشارنەوە • بە لاملی لەگەڵ یەکتر دەجوولانەوە ، ئیدی زۆری نەبرد لێك‌گیربوون‌و بە دارو بەرد وەری گەڕانێ‌و چی خراپەیێ‌یان‌کرد • کابرا بە پڕدپڕ هەڵات‌و هەر چا بوو پیاوەکانی خێڵەکە هاتن‌و لە دەست ئەو ئافرەتە توندو تووڕانە دەریان هێناو بە ساغ‌و سەلامەتی بردیانەوە ڕەشماڵی سەرۆك • عەلیاغا بە شێوەیەکی دۆستانە ئامۆژگاری کرد کە ئافرەت چی دەدەنێ به زیاد بێ ، وەری بگرێ‌و یەکسەر بگەڕێتەوە وان‌و سوپاسی خوا بکا کە خراپتری بەسەر نەهاتوە ، گوتی : « کوڕی باش ، چ دەکەی لەگەڵ ژنان ؟ چی‌یان بوێ وا دەکەن • جا پارەکەت وەربگرەو بڕۆ » •

ساڵی ١٨٥٤ سەلەفە سوارێکی کورد بە سەرۆکایەتی قەرە فاتمە خاتوون بە قوستەنتینیەدا تێپەڕین‌و بەرەو مەیدانی شەڕ داکشان • ئەم ئافرەتە ، ئافرەتێکی چورچ‌و بوودەڵە بوو(١١) و بێجگە لە ئاگری نەبەردی کە لە چاوەکانی ئاورینگی دەدا هیچ نیشانەی سوارچاکی لە دیمەن‌و ئەدگاردا دیار نەبوو •

(11) Mordtmann, Die Amazoner, P. 132.

کوردی کۆچەرو جوتیار بایەخێکی زۆر کەم بە خوێندەواری دەدەن • کوردی ئاکنجیی سلێمانیو مەڵبەندەکانیتر وە نەبێ بە تەواوی نەخوێندەوار بن ، ئەوانیش مەلاو پزیشکی ڕووحییان هەیە لە خۆیان کە یاساو دەستووری ئیسلامەتی لە خەڵك دەگەیەننو لە حوجرەکان دەرز دەڵێنەوە • کچو ژنی کوردە خوێندەوارەکان بە لایەنی کەمەوە فێری خوێندنەوەو نووسینی فارسی دەکرێن کە زمانی ئەدەبییە چونکە سەرباری ئەو هەوڵەی هەندێ مەلا ، لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا ، دایان بۆ ئەوەی بە زمانی کوردی بنووسن ، ئەدەبی کوردی هێشتا هەر بە نەبوو دادەندرێ • زمانی کوردی هیچ پەیوەندی بە زمانی فارسیو تورکییەوە نییە و چەندی خێڵ تێدایە ئەوەندە زاراوەی هەیە • وەك دیاردەیەکی سروشتی ، تێکەڵاو بوونی بەردەوام بۆتە هۆی ئەوە کە زۆر ووشەی تورکیو بە تایبەتیش ووشەی فارسی بکەوێتە ناو زمانەکەیانەوە • ژنە کورد بەهرەو سۆزی شیعر دانانیان زۆر بە هێزەو زۆر گۆرانی ناسكو کاریگەر لە بارەی ڕوداوی کۆمەڵایەتیو خێڵایەتی دادەنێن* •

دەڵێن یەزیدی کە یازدە خێڵی جوداو حەفت هەشت هەزار خێزان دەبن دوژمنی هەموو جۆرە خوێندەوارییەکنو نەخوێندەواری یەزیدییان بۆتە پەند لای گەلە دراوسێکانیان • چینی بەرزی پیرەکانی لێدەرچێ پیاویان بە گشتی نەخوێندەوارن ، هەڵبەت ئافرەتیشیان لە هەمان باری نەخوێندەواری دان •

* ئافرەتی کورد هەبوە لاوکبێژی هەڵکەوتوو بوەو ، شەو تابەیانی بەرامبەر پیاوان دانیشتوەو لاوکی چریوە • بێجگە لەوەی کە لە بەستەو باڵۆرەو هەموو جۆرەگۆرانییەکانی تریش دەستێکی باڵای هەبوە – وەرگێر – •

بـەشی دووەم

ئافرەتی کورد : داب‌و دەستووری ماڵەوەیان

کچە کورد دەتوانن خۆیان مێرد بۆ خۆیان هـەڵبژێرن‌و دڵداری کردن قەدەغەو سەیرو ناجۆر نی‌یە ، بەڵام دەبێ باوکی کچە ڕازی بێ • ئەوەیش هەیە ، هەندێ جار ، ئەگەر کچ‌و کوڕەکە سەبارەت بە ماڵ یان بە هەر شتێکی‌تر ، تەگەرەیان خرایـە پێش ، بە دوو قۆڵی ڕادەکەن واتە کچە بە دوو کوڕەکە دەکەوێ • لە ناو خێزانی سەرۆك خێڵـەکان « ژن هێنانی بۆ قازانج » باوەو بـە زۆری کوڕو کچـەکـە لێك‌غەریب‌و نەناسن •

ڕەوشتی داخوازی وایە ؛ ماڵی کوڕە دەچنە ماڵی کچـەو لەوێ بەخێرهاتنیان دەکرێ‌و شەربەت دەخورێتەوە • (شەربەت خواردنەوە)[1] بەلای کوردەوە نیشانەی داخوازی‌کردنـە • ئامـادەبوونی زاوا لـەم داخوازی کردنە شتێکی پێویست‌و ناچاری نی‌یە ، بە زۆری وا دەبێ کە خزمێکی نزیکی ، ئەگەر برای هەبێ برای ، دەبێتە وەکیلی و چی دیاری‌یەك باوە لەگەڵ خۆی بۆ بووك‌و دایك‌و باوکی بووکی دەبا •

نیشانـەی هـەرە دیـاری زەمـاوەندی کوردی « چـۆپی – tchopee" » گێڕانە کـە شایی‌یەکی میللی‌یەو ئافرەت وەکو جوتیاری ماسیدۆنی‌و بولکاری زۆریان مەراقە • لە ئاهـەنگ‌و زەماوەندی بووك

---

(١) شەربەتی ڕۆژهەڵات لـە بەری میوە دەگیرێ‌و بۆ ساردکردن بەفر یان سەهۆڵی تێدەکرێ •

گواستنەوەدا ، زۆر کەس بێ ئـەوەی لێیان بگەڕێتـەوە دێن‌و دیاری بچووك بۆ بووك دێنن بۆ ئەوەی بەشداری چۆپی بکەن • ئەم شایی‌یە میللی‌یەی کوردان زۆر لـە « هۆرا ـ hora »ی گریکـی دەکا • شایی‌کەرەکان بە شێوەی نیو ئەڵقەیی دەستیان تێك‌دەگرن‌و بە نۆرە پێیان دەجولێنن‌و لـەشیان بـە ڕێکی بۆ پێشەوەو پاشـەوە دەبزوێنن‌و لەگەڵ ئەم جولانەوەیەش‌دا هاوار دەکەن • ئەوەندەهەیە هەنگاویان لە هی هۆرا هێواشترەو جوداوازی‌یان هەیە کە بەم جۆرە باس کراوە : « هەموو بازنەکە بە نەرمی‌و شەپۆلاوی ، بـە ڕێك‌و ڕەوانی لەگـەڵ ئاوازەکەدا وەك کەروێشکەکردنی تەبارەی بـەر با دوجوولێتەوە » • لە کاتی شایی‌کردن‌دا ، جەنگاوەری کورد ئەو پەڕی هەست ناسکی‌و گفتار هێمنی‌و ڕەفتار شێنەیی پێشان دەدا بە تایبەتی کە لەگەڵ دەزگیرانی شایی بکات ، چونکە ئەگەر چ بێگانە لەوێ نەبێ ، ئەمەیان لە ئاهەنگی بچکۆلانەدا شتێکی زۆر ئاسایی‌یە ، لە بۆنەو مناسبەکانی‌دی‌دا ژن‌و پیاو بە جودا شایی دەکەن ، ئەو کاتەش شایی‌یەکە هەر چەندە قەوغە بێ‌و حەشامەتەکە هەر چەندە زۆر بێ ئافرەت سەریان داناپۆشن • شایی بە زۆری لەبەر ئاوازی «بلوان ـ bilwan »* دەگەڕێ کـە لـە قامیش دروست دەکرێ‌و هەندێ پیکی دەخرێتە سـەر • ئاوازەکـەی نـەرم‌و خۆشە • ئاوازی کوردی هەر چەندە لەسەر یەك بار دەڕوا بەلام بـە شێوەیەکی گشتی ، بە پێچەوانەی ئاوازی تورکی‌و فارسی ، گۆڕانەکەی ڕێك‌و تەبایە • ئاوازەکەی بە زۆری نەرم‌و غەریب‌و غەمناکە ، هەست‌و سۆزێکی وای تێدایە پیاو لە خێڵەکی‌یەکان ڕانابینێ ئـەو ئاوازەیان لـە سنگ دابێ کـە لـەناو ئێمـەدا تەنیـا بە لامل‌و ڕەقـەکارو تالانکـەر ناسراون •

---

* بلوان نی‌یە بلوێرە (وەرگێڕ) •

له زه‌ماوه‌ندا ، چۆپی چه‌ند سه‌عاتێك ده‌خایه‌نێو شاییه‌كه‌ره‌كان ده‌گۆڕێن • یه‌كه‌م جار پیاو شایی ده‌كه‌ن ، ئینجا ئافره‌ت • مسته‌ر ڕیچ به‌م شێوه‌ كاریگه‌ره‌ وه‌سفی ده‌وری دیاری كچان ده‌كا له‌م به‌زمه‌ میللی یه‌دا :

« دیسان ئاوازی چۆپی لێ‌یداو ده‌وری (٣٠) كچ به‌ ڕیزو ده‌ست له‌ناو ده‌ست ، به‌ هه‌نگاوی ناسك‌و به‌ شێنه‌یی چوونه‌ پێش ، بێ هیچ پێچه‌و پۆشی یه‌ك ، له‌ناو به‌رگی ئارمووشی ڕه‌نگاوڕه‌نگ‌دا ده‌دره‌وشانه‌وه‌ • به‌ ڕاستی ، ئه‌مه‌ دیمه‌نێكی جوان‌و دیارده‌یه‌كی نوێ بوو بۆ من كه‌ قه‌ت له‌ ڕۆژهه‌ڵات ئافره‌تم نه‌دی بوو ، به‌ تایبه‌تی كچ ، كه‌ وه‌كو ئه‌مانه‌ هێنده‌ به‌ سه‌ربه‌ستی له‌گه‌ڵ پیاوان تێكه‌ڵ بن‌و خۆیان دانه‌پۆشن • له‌م ڕووه‌وه‌ ژنه‌ خێڵه‌كی عاره‌بیش پێیان ناگه‌ن » •

« ڕیزی كچه‌كان به‌ هێواشی ، وه‌ك شه‌پۆل ، له‌ ده‌وری ئه‌ڵقه‌یه‌ك ده‌سووڕایه‌وه‌ • هه‌ندێ جار هه‌نگاوێك بۆ ناوه‌وه‌ ده‌چوونه‌ پێش‌و هه‌ندێ جار ده‌كشانه‌وه‌ • زۆر به‌ ڕێك‌و پێكی له‌نگه‌ری له‌ش‌و سه‌ریان ڕاده‌گرت • ئاوازه‌كه‌ هێمن‌و له‌سه‌ره‌خۆ بوو • جولانه‌وه‌یان زێده‌ڕه‌وی تێدا نه‌بوو • ئه‌م شایی‌یه‌ نیو سه‌عاتێكی خایاند ، ئاوازه‌كه‌ بڕایه‌وه‌و كچه‌كان په‌رته‌یان كردو گه‌ڕانه‌وه‌ ماڵی خۆیان به‌ڵام له‌ پێشدا سه‌راپای خۆیان داپۆشی ، دیاره‌ ئه‌مه‌ش شتێكی زیاده‌كی بوو ؛ چونكه‌ ئه‌و حه‌شامه‌ته‌ی هاتبوونه‌ دیار شایی‌یه‌كه‌ زۆر له‌وه‌ی زیاتر بوو كه‌ كانی وا له‌ شه‌قامه‌كانی سلێمانی تووشیان ده‌بی » •

لای كورده‌ به‌ناو موسلمانه‌كان ، ماره‌كردن به‌ زارو له‌ حزووری « ئیمام ـ Imam »یك ده‌بێ • زاوا له‌گه‌ڵ چه‌ند خزم‌و براده‌رێكی ده‌چنه‌ ماڵی باوكی بووك‌و پاش ته‌واو بوونی دابی ماره‌یی بووك سواری

ئەسپ دەکاتو دەیبا • هەر چەندە کە بووك بەو دیاری‌یانەی لە کاتی دەزگیرانەتی‌دا بۆی ڕەوان دەکرێ نرخی دەدرێ ، بـەلاّم جاری وا هەیە زاوا هەڵی دەگرێ • کورد هەر چەندە کە موسلمانیشن ، بـە کردەوە پەیرەوی ڕێبازی یەکژنی دەکەن و تەلاّقیش هەر چەندە ڕێی دراوە بەلاّم زۆر دەگمەنە لەناو کوردان ، سوێندی ئاسایی‌یان ئەمەیە : «تەلاّقم بکەوی ئەگەر ئەمن ••• » ئەمەش زۆر باش دەری دەخا کە کورد حـەز ناکـەن ژنیان تـەلاّق بدەن ؛ کەچی یـەزیدی پەیرەوی دەستووری فرەژنی دەکەنو جاری وا هەیە وەك تورکەکان سێ ژنیان هەیە • ژن هێنان لە خزمی نزیكو خوشكو برای ژن لەناو یەزیدی‌یان باوەو وەکو هی کوردە موسلمانەکان نی‌یـە ، یەزیدی ڕێ لـە تەلاق ناگرن • داخوازی‌یان وایە کە برادەرەکانی بووكو زاوا ڕێگا خۆش دەکەنو شێخێکی ئاینی لێکیان مارە دەکا • دابەکە وایە کە بووك و زاوا دەچنە حزوور پیرو ئـەویش بەرەکـەت بەسـەر هـەردووکیان‌دا دەخوێنێو زاوا نانێك دەداتە شێخو نانێکی پیرۆزی لـە باتی لـە شێخ وەردەگرێو لەگەڵ بووك دەیکاتـە دوو کـەرت • دەڵێن کـە زاوا بەڵێنی ژنو مێردایەتی دەدا لەناو ئاوی ڕەوان دەوەستێ بـەو مانایەی کە بەم چەشنە ڕووی سەختی بەڵێنەکـە دەشواتەوەو لـە پەیمانشکێنی تاوانی کـەمتر دەبێ • چینـە نزمـەکانی ئـەم تاقمـە ئاینی‌یـە کە « پیر – Pir »و « قەووال – Kawwal »ن ، ڕەمـەکی خـەڵك لێك مارە دەکەن ، بەلاّم هەندێ جار ، پایە بەرزەکان بۆ مارەیی دەچنە لای شێخ (نەزەر) ، یان پیری گەورە •

جەنازەی کوردی ، کە پێچەوانەیەکی زەقی ئەو گرانی‌یە هێمنەیە کە موسلمان لە کاتی مردن‌دا پەیرەوی دەکەن ، دیمەنێکی لە هەمووی کاریگەرتری هەیە • ئەگەر مردووەکە کابرایـەکی گرنگ بێ ، لـە

کاتی ناشتنی جەنازەکەی‌دا ، دابی سەربازی بەجێ دێن‌و لـە هەندێ شوێن‌دا ، بۆ نموونە وەك کرمەنشاه ، بە ئاوازو گۆرانی‌یەوە جەنازەکە بۆ گۆڕستان بە ڕێ دەکەن • کە جەنازەکە لە ماڵەوە دەبەنە دەرێ ، ژن‌و پیاو شێتانە دەردەپەڕن‌و دەکەنە ڕۆڕۆو قەپ‌و قیڕو دادو فریاد • ئافرەت پرچیان دەڕننەوەو جل بەرگیان دادەدڕن ، هەندێکیان دەست بۆ ئاسمان بەرز دەکەنەوەو هەندێك دادێنەوە سەر عەردو قوڕ بەسـەری خۆیان‌دا دەکەن • ئەم خەمە گرانە بە گفتارو ڕەفتار دەردەبڕن •

دابی جەنازەی یەزیدی‌یان شتێکی تایبەتی‌و خۆشە • کە یەکێکیان کەوتە بەر ئاوزنگان بانگی قەووالێك دەکەن ، دێ هەندێ ئاوی دەکاتە دەم • ئەگەر قەووالی بەسەر نەگات‌و گیانی دەربچێ دابەکـە بو ئەو وەختە هەڵدەگرن کە جەنازەکە دەبەنە گۆڕستان • کە مەیتەکە نەناو گۆڕ درێژ دەکەن دەستەکانی لەسەر سنگی لێك تێ‌دەپەڕێنن ، وەکو هی موسلمانان لە تەنیشتی‌یەوە درێژی ناکەن • پارچە نانێك‌و هەندێ دراوو داردەستێك دەخەنە ناو کفنەکەی بۆ ئەوەی کە فریشتەی هاتە سـەرو پرسیاری لێ‌کرد ئەم شتانەی بـە کـەڵك بێ چونکـە یەزیدیش وەکو موسلمانان بڕوایان بە هەق‌و حسێبی دوای مردن هەیـە • « مونکر ـ Munkir » کە لەگـەڵ « نەکیر ـ nakir » هـات‌و پرسیاری لـە بارەی بڕواو چۆنیەتی ژیانی دونیاوە لێ‌کرد ، ئەگەر پێی ڕابگەیەنێ کە هەقی چوونە بە هەشتی نی‌یە ، مردووەکە هەوڵ دەدا بـە بەرتیل بڕیارەکەی پێ بگۆڕێ ، یەکەمجار بە نانەکە ئینجا بە دراوەکە ، خۆ ئەگەر بەرتیل دادی نەدا ئەوا بە زەبری داردەستەکەی ڕێگای بەهەشت بۆ خۆی دەکاتەوە •

تا مەیتەکە لە ماڵەوە بمێنێ قەووال لەسەری دەخوێنێ‌و لەگەڵینی

دەچێتە سەر گۆڕو بخووردانێك بە دەستەوە دەگرێ کە لەگەڵ ڕۆیشتنەکەدا دەسووڕێو بۆن بڵاو دەکاتەوە • تا ماوەی چەند ڕۆژێك ، خزمو دۆستی مردووەکە سەر لە ئارامگای دەدەن • ژنو پیاو بە جوداو بە کۆمەڵ ، هەموو سبەینەو ئێواران دەچن • ژنەکان دەگرینو دەلاوێنەوەو پیاوەکان بە کپی دادەنیشنو بخوور دادەگیرسێنن(٢) •

لەبەر ئەوەی کە ئاو یەکێکە لە ڕەمزەکانی « یەزد ـ Yazd » و ژیانیش دەبەخشێ ، بۆی هەیە بۆیە لە کاتی ئاوزینگاندا ئاو لە دەمی مردوو بکەن تا پاش مردن ئاوەکە ژیانی پێبەخشێتەوە ، یان بکەوێتە شێوەیەکی ترەوە کە لەگەڵ بڕوای یەزیدییان بگونجێ •

ئافرەتی کورد ، بۆ ماتەم ، لەباتی ئەو بەرگەی لە دەرەوە لەبەری دەکەن ، جلی ڕەش دەپۆشن •

---

(2) Comp. Badger, The Nestorians, & C., P. 131.

بەشی سێیەم

ئافرەتی کورد : بیروباوەڕیان

لەبەر ئەوەی لە باسی ئافرەتی عوسمانلیدا* بە گشتی باسی بیروباوەڕی ئافرەتی موسلمان دەکەم ، لێرەدا باسی ناکەم ، هەر هێندە دەڵێم کە کورد بە پێڕەوکەری بێباکو کەمتەرخەمی پێغەمبەر ناسراون • قسەیەکی باو هەیە دەڵێ : « پیر لە کوردستان پەیدا نابێ » • کورد لە جێ بەجێ کردنی ئەرکی ئایینیدا زۆر خەمساردو بێباکن ، هەرگیز، وەکو عوسمانلییە دراوسێکانیان، بە گەرمی لا لە ڕۆژووی «ڕەمەزان ـ Ramazan » ناکەنەوە • بۆ نموونە لە ڕۆژهەڵاتەوە تا ڕۆژاوا فیتو هۆڕی جگەرەیانەو بە نوێژی نیوەڕۆ قوم لە «نەرگیلە ـ Narghilah دەدەن • پیلەکە لەسەر ئەوە دەکەن دەڵێن : « پێغەمبەر جگەرەی قەدەغە نەکردوە • پێغەمبەر هەر ناوی جگەرەیشی نەبیستبوو ، جا یەکێ ناوی شتێکی نەبیستبێ چۆن قەدەغەی دەکا ؟ بێجگە لەمەش دووکەڵ خۆی چییە ، دووکەڵ هیچ نییە ، یان وەکو هیچ نەبێ وایە » • لەولاوەش تورك قەت خۆیان لە کاروباری ئایینی کوردانەوە هەڵناقورتێنن • مزگەوتی کوردان ئیمامەکەی کوردەو لە خۆیانە ، مەلای کورد دەستووری ئیسلامییان تێدەگەیەنن و مامۆستای کورد

---

* لە بەرگی دوەمی کتێبەکەدا ، پاش هەموو نەتەوەکان باسی ئافرەتی عوسمانلی کراوە ،کە بە شێوەیەکی گشتی ئەوانەیتریش دەگرێتەوە (وەرگێڕ) •

دەرز بە منداڵیان دەڵێن • سەرباری ئەم ڕاستییانەش مەلاکان وەك چین و تۆێژێك ، لەبەر چڵێسی و چاوچنۆکی خۆیان تا بڵێی لەناو برا کوردەکانیان بێحورمەتن • ڕاستی ، جێگای گاڵتەو تیزو قەشمەرین لای کوردەکان •

کەم و کورتی مەلاکان بۆتە کەرەستەی چیرۆکی بێژمارەی گاڵتەجاڕی • ئەمەش هەندێ نموونەی ئەم تەرحە چیرۆکانە :

مەلای چڵێس(١)

جارێکیان ، مەلایەك و دوو کەسی نەخوێندەوار پێکەوە چوونە سەفەر • گەیشتنە ڕوبارێك ، هەموو خۆیان ڕووت کردەوەو بە مەلە ملیان بە ڕوبارەکەوە نا • مەلا پێش کەوت ، کە گەیشتنە ناوەندی ئاوەکە ، مەلا چوار گۆزەی پڕ کەرەی بینی لە تەنیشتییەوە بە ڕوبارەکەدا دەهاتنە خوارێ • یەکەم گۆزەی گرتەوەو بە ددانی گرتی • دەستی ڕاستەی درێژ کردو گۆزەیەکی تری گرتەوە ، بە دەستی چەپەش گۆزەیەکی تری گرتەوە ، بەم جۆرە سێ گۆزەی بۆ خۆی گرتەوەو مایەوە یەك گۆزە بۆ هەر دوو هاوڕێکانی • مەلا بە سێ چواریەکی دەستکەوتەکەش دڵی دانەکەوت بانگی کردە هاوڕێکانی : « سوێندم بە خوا لەو گۆزەیەی لای ێوەش بەشی خۆمم دەوێ »(٢) •

(1) Jaba, Recueil de Notices et Rècits kourdes, P. 18.

(٢) ئەم چیرۆکە پەندێکی کوردی لێپەیدا بوە دەڵێ : « سێ گۆزەی بردوە چاوی تێر نەبوە ، داوای چوارەمیش دەکا » •

مەلا بە قسەی خۆی تێدەکەوێ(٣)

دەڵێن مەلایەك لـە کوردستاندا هـەبوو ناوی بایـەزید بوو • هەموو جارێ پـەندو ئامۆژگاری کوردەکانی دەکردو ڕێی دینـی بۆ ڕون دەکردنەوە • ڕۆژێکیان لە مزگـەوت وەعزی دەدا ، دەیگوت : « ئەی گـەلی موسلمانینە ، هـەر کەسـە دوو کراسی هـەبێ پێویستە یەکێکی لە ڕێ خوا بداتە هەژاران ، هەر کەسێ دوو نانی هـەبێ ، ئەگەر موسلمانی ڕاست بێ ، دەبێ نانێکی بداتە برسیو کلۆڵان » •

بە ڕێکەوت ، لەو کاتەدا مەلاژن بەلای مزگەوتدا تێپەڕیو کە گوێی لەم قسەیەی مێردی بوو ، بایداوەوە چوەوە ماڵێ ، مەلا دوو کراسی هەبوو ، کراسێکی لە بەر بوو ، کراسێکی بۆ شووشتن فڕێدا بوو ، ژنە کراسەکەی ماڵەوەی هێناو بە هەژارێکی بـەخشی ، نیوەی نانو خواردنی ماڵەوەیشی بەسەر برسییاندا بەشییەوە • ئێوارێ مەلا هاتەوە بـە ژنەکـەی گوت : « حورمێ ، کراسەکـەم دزوون بوە ، کراسی ماڵەوەم بۆ بێنـە با ئەمـەیان دابنێم بۆم بشۆیت » • مـەلاژن وەلامی دایەوە : « ئەمڕۆ کراسە زیادەکـەتم کردە خێرو نیوەی نانی ماڵەوەیشم بەسەر هەژاراندا بـەشییەوە » • مەلا تووڕە بوو ، بـە ژنەکەی گوت : « کچێ چۆن کراسو نانی ماڵەوەت بە فیڕۆ داوە ؟ » ژنە وەلامی دایەوە : « بە فیڕۆدانی چی ؟ تۆ ئەمڕۆ خۆت لە مزگەوت وەعزت دەداو خەڵکت هاندەدا هەرچی کەلوپەلی زیادەیان هەیە لەگەڵ هـەژاراندا بـەشی بکـەن بۆ ئـەوەی خوا لێیان ڕازی بێ • منیش هەستام چی لە خۆمان زیاد بوو بـە دەرۆزەکەرانم بەخشی » • مەلا

---

(3) Jabe, Recueil, C., P. 15.

بەم قسانە زۆر تووڕە بوو ، هاواری کرد : « کچێ حورمێ ، وەعزەکانم بۆ نوێژکەران بوو نەك بۆ خۆم . ئاخر کە ئەم جۆرە وەعزەی خەڵك دەدەم بۆ ئەوەمە چی جل‌وبەرگ‌و نانی زیادیان هەیە بە منی ببەخشن . قەت نەدەبوو تۆ بیرت بۆ چواندنی شەمەك‌و نانی منداڵەکانم بچێ . من بۆ پەرژەوەندی خۆم وەعزی خەڵك دەدەم ، کەچی تۆ لەسەر حیسابی من جێبەجێی دەکەی » .

کورد ئەم چیرۆکە ڕەمزیەش لە بارەی هەمان بابەت دەگێڕنەوە :

پێغەمبەرو فریشتە(٤)

کاتێ کە پێغەمبەر ـ د.خ ـ بەرەو بەهەشت هەڵکشا ، جوبرائیلی سەرۆکی فریشتان ڕابەری بوو عاجباتی عاسمانانی پێشان دەدا . پێغەمبەر ـ د.خ ـ فریشتەیەکی کەتەو زلی بینی لە شوێنێکی بڵند وەستا بوو ، دەهۆڵێکی گەورەی بە شانەوە بوو ، داردۆڵێکی درێژی بە دەستەوە بوو . پێغەمبەر ـ د.خ ـ لێی‌پرسی داخۆ کێیەو چ کارەیە . فریشتەکە وەلامی دایەوە : « ئەی پێغەمبەری خودا . من فریشتەم‌و ئەرکی من ئەوەیە کە مەلایەك خێرێك بکا یان زەکات بدا یان هەر هیچ نا پاروەنانێك بداتە دەرۆزەکەرێك دەهۆڵەکەم بکوتم‌و باسی خێرو چاکەی مەلا بە هەموو فریشتەکانی ئاسمان ڕابگەیەنم » . ئینجا پێغەمبەر ـ د.خ ـ لە فریشتەکەی پرسی : « باشە ، لەوەتی ئەم فەرمانەت پێ‌سپاردراوە چەند جار دەهۆڵەکەت کوتاوە ؟ » فریشتەکە وەلامی دایەوە : « هیچ ، هەروا چاوەڕێم ، تا ئێستا تەقەم لێ‌هەڵنەستاندووە » .

---

(4) Jaba, Recueil, & c., P. 15.

ئاخۆ هەتا هەتایە ئەم فریشتەیە هەروا دەمێنێتەوە ؟ هەر خوا خۆی دەزانێ • لە هەموو ئاینێکدا پیاوی ئاینی زۆربەی ئەرکی دین بە جێ دێنن بەڵام چاکەو خێریان کەمە • خێرو زەکات لە خەڵك وەردەگرن بەڵام خۆیان هیچ بە هەژاران نابەخشن •

× × ×

دیارە ئەو سۆفییەتە ئاڵۆزەی زۆر بە چڕی تێکەڵی باوەڕی نافمی سیعە بوە کە ئێران باوەڕیان پێ هەیە ، لای کوردە چیاییەکان سیحرێکی مەزنتری تێدایە لەو بڕوا سامییەی کە دەڵێ خوا بێ ئاوقەرانو بێ هاوتایەو عوسمانلییە سوننییەکان باوەڕیان پێهەیە • هەر بۆیەشە دەروێشی ، کە سۆفیگەری ئیسلامەتییە ، لەناو کوردا باوی هەیە • ئافرەتی کورد لە ئافرەتی تورك زیاتر ڕێزو حورمەتی شێخ یان خۆیان گوتەنی «پیر» دەگرن ، چ زیندوو چ مردوو • چونکە چۆن کورد بەرامبەر بە باوەڕی ئیسلامەتی کەمتەرخەمن هەر بەو جۆرەش وەکو هەموو چیاییەك زیاد لە پێویست ئەفسانەیینو باوەڕی پتەویان بەو هەموو هێزە ڕوحیو سیحرییە هەیە کە شێخە دەروێشدارەکان داوای دەکەن •

شێخ خالیدی خوالێخۆشبووی سلێمانی پیرێکی بەڕێزو پایەبڵندە لەناو کوردان و کورد ئەگەر بە ئاوقووفی محەمەدی پێغەمبەریشی دانەنێن ، بە ئاوقووفی شێخ عەبدولقادری گەیلانی[5] دادەنێنو لەو بڕوایەدان ئەگەر بێجگە لە (حەزرەتی مەولانا ـ

---

(٥) دەرویشێکی بەناوبانگە • لە سەدەی دوازدەمدا ژیاوەو تەریقەتی قادری داهێناوە • زۆر چیرۆکی سەیر هەن باسی هێزی بەدەرئاسای ئەم شێخە دەکەن ، کە هەندێکیان لەم کتێبەدا هەن :
The Dervishes, by. J. P. Brown.

گوناحین بێنن ناوی جۆرێکیتر هەرچی بە(Hasrati Maulana دەگاتێ • ئەم (پیر)ەی کوردان ، کە کورد قسەکانی بە « حەدیس ـ Hadis »[٦] دادەنێن سەر بە تەریقەتی نەقشبەندییە • نەقشبەندی تەریقەتێکی خواناسییەو بە تەقوای سۆفیانەی مریدەکانی بەناوبانگەو لە دونیای ئیسلامەتیدا ، زۆر پیری گەورەی لێهەڵکەوتوە •

ئافرەتی کورد بۆ چارەکردنی نەخۆشی بەدەنو دەروون دەچنە سەر گۆڕی شێخی مردوو یان (تەکیە)ی[٧] شێخی زیندوو • ئەگەر منداڵێك نەخۆش بکەوێ ، دایکی هەراسانی دەیباتە لای نزیکترین شێخی بەناوبانگ ، ئەویش نەك هەر دەستی پێدادێنێ ؛ بەڵکو پێی لێدەنێ یان فووی لێدەکا یان هەندێ نوشتەو کشتەکی پیرۆزی بە ملی بچووکەوە دەکا • پێلێ نانەکە لە هەمووی ترسناکترە ، کە بە ڕاستی هەیەو من بە چاوی خۆم دیومە[٨] • منداڵەکە لەسەر پشت درێژ دەکەنو دوو دەروێش لەملاو لەولای دەوەستنو شێخ دەست دەخاتە سەرشانیان و پێداوێتە سەر لەشی منداڵەکەو بۆ ماوەیەکی کەم هەموو گرانایی خۆی دەخاتە سەر منداڵەکە •

شێخەکان خەونیش لێكدەدەنەوەو بەختیش دەخوێننەوەو هەر زانیارییەکیتری ئەفسوونی کەخەڵك پێیانبوێ بڵاوی دەکەنەوە •

هەندێ (پیر)ی ئەرمەنیش هەن کە کوردی خێڵەکی زۆ ڕێزیان

---

(٦) موسلمان ئەم ووشەیە (حەدیس) بۆ فەرموودەکانی پێغەمبەر بەکار دێنن •

(٧) تەکیە : شوێنێکە دەروێش لێیکۆدەبنەوەو زیکرو تەهلیلەی تێدا دەکەن •

(٨) ئەمەم لە (سالۆنیکا) بینی ، لە خزمەت تەکیەی مەولەوی یان وەکو ئەوروپیی دەڵێن : دەروێشی سەماکەر •

دەگرن • وا دەبێ داوای هیمدادو یارمەتی لە سورپ سیرکیس یان سانت سێرگیوز دەکەن • جەنگاوەرانی کورد پێش ئەوەی بۆ شەڕو هێرش بەڕێ بکەون دەچنە سەر گۆڕی‌و بەرانی بۆ دەکەنە قوربانی‌و مۆمی بۆ دادەگیرسێنن بۆ ئەوەی فریایان بکەوێ‌و چەپاڵەیان بدا •

ئەفسانەی سەیرو سەمەرەی خدرەلیاس لەناو کوردانیش‌دا هەیە، کە شەخسیەتێکی یەزدانی دوولانەی دەشت‌و دەریای هەیە • لای کورد ، لە دەشت خدرەو لە دەریا ئەلیاسە ، وەکو جۆرە فریشتەیەکی خێرخوا وایەو خەڵك فریادو هیمدادی لێ‌دەخوازن •

کورد وەکو نەتەوە دراوسێکانی‌تریان بڕوای تەواویان بە (جن ـ djin)و مەخاووقاتی خەیاڵی هەیە ، سەرباری ئەمەش جۆرە تاپۆیەکی‌تری ئەودیو سروشت هەیە پێی دەگوترێ « شەهید ـ Sheyt » ترس‌و خۆف دەخاتە دڵی ئەم چیایانەوە • ئەمانە تاپۆی شێخان نین ، هی شەهیدانن • شەهید ئەو موسلمانەن کە لە ڕێی ئیسلامەتی‌دا کوژراون‌و دەڵێن گۆڕیان وەك گۆڕی شێخان موعجیزەی لێ ڕوو دەدا • گوایە ئەمانە لە گۆڕ دێنە دەرێ‌و خۆیان پیشانی خەڵك دەدەن‌و کە بە کۆمەڵ دەربکەون نیشانەی ئەوەیە ڕوداوێکی گرنگ لە دواڕۆژدا دەقەومێ • دیارە کورد بە پێی ڕەوشتی خۆیان شانازی‌یان پێوە دەکەن‌و بە جۆرە کۆچەری‌یەکی گۆڕاوی وەکو خۆیانی دەزانن •

یەزیدی یان (شەیتانپەرست)* کە باسم کردن و گوتم لە بارەی

---

* بەداخەوە زۆربەی ڕۆژهەلاتناسەکان کە باسی یەزیدی‌یانیان کردوە بە (شەیتانپەرست) یان داناون • ڕاستی ، یەزیدی شەیتانپەرست نین ، خواپەرستن ، بەڵام ڕیزی شەیتان (مەلەکێ‌تاووس) دەگرن بۆیە ئەم ناوەیان بە دوو کەوتووە • (وەرگێڕ) •

داب‌و دەستووری زەماوەندو جەنازەوە لە کوردە موسلمانەکان جودان ، برینین لە هەشت نۆ خێڵی جۆر بە جۆرو هەندێ کۆچەرو هەندێکی ناکنجی • ئەو نەفرەتەی موسلمان لێ‌یان کردوون نیشانەی ئەوەیە کە دامەزرێنەری ئەم ئاینەو یەزید لێکەوە نزیکن ، ئەو یەزیدەی کە حەسەن‌و حوسێنی شەهیدی پایەبەرزی ئیسلام‌و کچەزای پێغەمبەری کوشتون • لەگەڵ ئەوەی کە ئەمانە زۆر پێش سەدەی حەقدەم ئەو ناوەیان لێ بوە •

(یەزد) یەکێ بوو لەو ناوانەی فارسە کۆنەکان بۆ خوا بەکاریان دەهێنا • بەلای مستەر (باجەر)ەوە[٩] ، ناوی شێخ ئادی کە پیرێکی ڕوحانی‌یەو مەزارەکەی ڕووگەی سەرەکی یەزیدی‌یانە ، لە عیبری‌یەوە هاتوە • (ئاذ) یان (ئاد) دوو پیتی پێشەوەی ووشەی (ئادونا)یە کە مانای خوا دەگەیەنێ ، هەڵبەت ئەمەش جێی دەمەتەقێیە • بەلای یەزیدی‌یانەوە ، شێخ ئادی نوێنەری هێزی چاکەیەو بەرامبەر بە « شەیتان – Sheitan » دەوەستێ کە هێزی خراپەیە • دەڵێن یەکەمیان ئەوەندە چاکەخوازە پێویست ناکا ناوی بێنی یان بیپەرستی ، دوەمیشیان کە هێزی خراپەیە ، هێندە خراپ‌و بەدکارە دەبێ بەردەوام ڕازی بکەی ، بۆیە لە ترسانە کە شەیتان دەپەرستن نەك لە خۆشەویستی‌یان و ئەو قوربانی‌و خزمەتەی لە شەرافەتی ئەوەوە دەکرێ هەمووی بۆ ڕازی‌کردنە نەك بۆ قوربانی خۆشەویستی‌و پیرۆز • ڕاستە ، ئەوەندە لێ‌دەترسن هیچ ووشەیەکیان بەسەر زاردا نایە کە لەعنەتی تێدا بێ ، یان دەنگێکی وای تێدا بێ لە ناوی ئەو بکا • ئەو ئەفسوونەی وەك تریاك دژی کردەوەی شەیتان بەکار دێ

---

(9) The Nestorians, & c.,

دۆرکی ڕازی کردنی پێوەیە • یەزیدی کوڵوکە خەشخاش بە ڕەمزی قوربانی دادەنێن چونکە ڕەنگی قورمزی‌یە ، جا بە زۆری لە بەرۆکی خۆیانی دەدەن یان بە چەپك هەڵی‌دەگرن‌و لـە ئاهەنگیش‌دا دەرگاکان بە شریتی ئەم گوڵەجوانە دەڕازێننەوە •

مەرایی هۆیەکە لە هۆیەکانی ڕازی کردنی هێزی خراپە ، هەر بۆیەشە ناویان لە شەیتان ناوە « مەلەك تاوس –Melek Taos » واتـە تاوسی پاشـا ، یـان فریشـتەی جوان وەك تـاوس ، هـەروەهـا پێشی دەگوترێ (میری مێرووولان) • مەلەك تاوس پەیکەرێکی ڕەمزی هەیـە لـە شـێوەی باڵندەیـەکـی سـفردایـەو وەرزاو وەرز بـە ناوچـە یەزیدی‌نشینەکان‌دا دەیگێڕن • دوو (پیر) پێـش ئـەم بـاڵـدە پیرۆزە دەکەون ، بخووریان بە دەستەوەیە دووکەڵی لێ‌هەڵدەستێ‌و خەڵکەکە ئەم دووکەڵە بە دەست‌و چاویان دادەکەن • کاتێ کە ئەم «سەنجەق ـ Sanjak »ە دەگاتـە ناو گوندێك یـان ناو هۆبـەیـەك ، شـەرەفی وەرگرتن‌و پاراستنی دەدرێتـە گـەورەترین ئـاغاو دوو ڕۆژ لـەوێ دەمێنێتەوەو لەو کاتەدا هەموو بەزم‌و ئاهەنگێکی دونیایی قەدەغە دەکرێ • ئەم پەیکەرە ڕەمزی‌یە وەکو کەلەشێر وایە : سنگ‌پڕ ، سەربچووك ، کلك‌فش ، گۆشتن ، کلك‌ئەستوورو گرێچن ، ژێر دەنووك شۆڕ وەك غەبغەب • مۆمێك لەسەر ترۆپکی چەقاوەو لەژێرەوەش دوو حەوزی زەیت لە دەواندەوری بنکەکەی هەن ، هەر یەکە حەفت فتیلی پێوەیە • ئەمە هەمووی لە سفرەو بـە جۆرێکی وا دروست کراوە بـە سـانایی پارچەکانی لێك دەردەهێنرێن • خاتوو ماجـەڕی ژنی مستەر ماجـەڕ ئەو ماوەی لـەناو یەزیدی‌یان بوە توانیویە لـە کاتـی بێ‌ئیشی‌دا بچێتـە ژووری مەلەك تاوس‌و لە نزیکـەوە لێی وورد بێتەوە • حەوجۆشێك

لەسەر سەکۆکە ، لە تەنیشت پەیکەرەکەیە[10] بۆ چزەسەری ئازارو نەخۆشی بەکار دێ • سەری یەزیدو حوسێن بەگو هەندێ پیرو قەووالو فەقیرێکی لێیە • بەو خێرە هەڵدەدەن کە لە کاتی سەنجەق گێڕاندا لە دیانو موسڵمانو یەزیدییان وەریدەگرنو و بانگی خەڵك دەکەن بۆ ئەوەی پەیرەوی ئەوان بکەن •

حەفت کەڵەشێری سفر ، بە سەرپەرشتی پیرنەزەر کە کاروباری گێڕانەکە هەڵدەسووڕێنێ ، بەناو یەزیدییاندا دەگەڕێ • (حەفت) ژمارەی پیرۆزی یەزیدییانە[11] •

زۆر دابو دەستووری ئایینی یەزیدی هەیە وێ دەچێ پاشماوەی زەردەشتی یان باوەڕی سابیەکان بێ کە بە زانستیی کلدانیو بە چەکی ئاسووری لە ئاسیادا بڵاوبوەوە • لەبەر ئەوەی یەزیدی کوردنو کوردیش وەك لە پێشەکیدا باسمان کرد لەوانەیە جێگری کلدانیان بن ؛ جا بۆی هەیە یەزیدیش هەروا بن •

بەلای یەزیدییەکانەوە ، ئاگرو ڕۆژ نیشانەی «یەزدەن کە هێزی چاکەیە ؛ بۆیە یەزیدی قەت تف لە ئاگر ناکەنو شتی پیسی فڕێ

---

(10) The Nestorians & c., P. 123.

(11) لایارد(Sir. H. Layard) لە کتێبەکەیدا (نەینەواو پاشماوەکانی Nineva and its remains)دا وێنەی برۆنزێکی داوە کە لە نمرود دەرهێنراوە بریتییە لە باڵندەی پیرۆز و چوار سەرباز لە کۆڕەوێکدا هەڵیانگرتوە • دەڵێ : (ئینج ـ The Iynge) یان باڵندەی پیرۆز بۆ ئایینی بابلی دەگەڕێتەوە و ڕەنگە هی ئایینی ئاسووری بێ ...
جۆرە ئەهریمەنێکە کاریگەرێکی تایبەتی لەسەر بنیادەم هەبووە و لە (فروهر ـ Frouher) ی سستەمی زەردەشتی دەکا •
بەرگی ٢ ، ل٤٦٢ ـ Vol. II. P. 462

نادەنە ناو ، بەڵکو دەستو چاویان بــە هــەڵمی هــاڵاوی ئاگر تفەڕك دەکــەن بۆ ئــەوەی پاك ببنــەوە • کە ڕۆژ هــەڵدێو ئاوا بێ ، پیاوە ئایینی‌یەکان دەپەرستن ئەویش بە داهاتنەوەو ماچ کردنی زەوی یان بەردێك کــە پاشــان لەســەر بەردێکی‌تری دادەنێن‌و جێی ناگۆڕن • ڕەشەوەندی خەڵکیش ئەم ڕێزو حورمەتە بۆ ڕۆژ دەنوێنن بەڵام تەنیا لە کاتی ئاهەنگ‌و حەجدا • لە کاتی ڕۆژ ئاوابووندا ، لەبەر دەرکای هەموو « چاك ــ Shak »و مەزارێك‌و لە نزیك هــەموو کانی‌یەکدا چرا دادەگیرسێنن ؛ چونکــە ئاو ڕەمزی هێزی چاکــەیــە • ماسیش پیرۆزەو تەنیــا چینی خوارەوەی کۆمەڵ بەروبوومی ئاویــە دەخۆن • دابی مــەعموودیەت زۆر دەکــەن‌و پێ‌دەچــێ جۆرە شوشتنەوەیــەکی وەسەنیەت بێ لە جۆگەو کانی پیرۆز پێش بەشداری کردنی دەستووری ئایینی خۆیان •

یەزیدی گەلێ ڕێزی ڕەنگی شین دەگرن‌و قەت کــەل‌و پــەلیان شین ناکەن ، جا چ جل‌وبەرگ بێ‌و چ کەرەستەی ناوماڵ • خواردنی خاس‌و کەلەم لە یەزیدی‌یان حەرامە • یەزیدیش وەك موسلمانان زۆر ڕێزی « عیسا ــ Isa » دەگرن‌و شەراب بــە ڕەمزی خوێنی عیسا دەزانن • کە شەراب دەنۆشن بە هەردوو دەست بادەکە بەرز دەکەنەوە بۆ ئەوەی نەڕژێ ؛ چونکە ئەگــەر دڵۆپێکی برژێ دەڵێن کابرا دەبێ بە لێو لەسەر عەرد هەڵی‌بمژێ و ئەو خۆڵەش بخوا کــە شەرابەکەی تێکــەڵ بوە • ڕاستی ، دەڵێن ، یــەزیدی‌و کوردی تایــەفی هێنــدەی موسلمانان دژی دیانان نین • هــەر چــەندە کــە قەت ناچنــە کلیسەی ئەرمەنی‌یان بەڵام زۆرجار وا دەبێ کــە بەلای کلیسەیــەکدا تێ‌دەپەڕن هەڵوەستە دەکەن‌و دوعا دەخوێنن‌و دەپاڕێنەوە •

جۆرە دان‌پێ‌دانان‌و کــەفارەتێکی ســەیر لەناو ئــەم (بێ‌ئیمان)انە

هەیە • پیاوەکان جۆرە برایەتی‌یـەك لـەناو خۆیاندا پێك دێنن‌و بـە ڕێکەوت یەکێ لەناو خۆیاندا هەڵدەبژێرن‌و دەیکەنە قۆچی قوربانی • جا هـەر کـەسە تاوانێکی زلی کرد بێ بـە ئاشکرا بەمـەیان دەڵێ‌و ئەمەیش لە باتی ئەو کەفارەتەکە دەدا کـە نوێژکردن‌و ڕۆژووگرتن‌و ڕیازەکێشانە ، بەرامبەر بەمـەوەش ، ئـەوان پشتی دەگرن‌و یارمەتی دەدەن‌و هەموو ئەرکی دونیایی بۆ جێبەجێ دەکەن و مەڕو ماڵاتی بۆ بەخێو دەکەن‌و خێزانی بۆ بەڕێوە دەبەن •

یەزیدی پایەی ئایینی‌یان جودایەو بە گشتی دەکرێنە دوو چین ، ئەم دوو چینە هەتا هەتایە لێك جودان‌و ژن نادەنە یـەك • پێشەوایی پیرنەزەر یان پیری گەورە لـە ناو یەك خێزاندا بـە پشتاو پشت دێتـە خوارێ‌و بە گشتی بۆ کوڕی گـەورە دەبێ • ئەم پیرەش وەك شێخی ئیسـلامان بڕوای وایـە کـە هێزی لـەو دیو سروشـتەوە بۆ دێ • بۆ چاككردنەوەی نـەخۆشی بێئامانی بنیـادەم و مـاڵاتو بۆ بـەخێر گەڕانی سەفەرو سەرکەوتنی پڕۆژەو زۆر شتی تریش ، نـەك هـەر یـەزیدی بگـرە موسلمانیش هیمدادو یارمـەتی لـێدەخوازن‌و خۆی دەخاڵەت دەکەن • جارێکیان پیری موبارەك چارەی برینێکی زۆر سەیری ژنـە یەزیدی‌یەکی کرد کـە مێردی بـە موسلمانێك کرد بوو • ژنە پێشتر چووبوە لای مەلاو «حەکیم – Hekim » ، بگرە سەری لـە نوژداروپەکی فەرەنگیش دا بوو •

چیرۆکەکە دەڵێ : شێخ داوای لە مێردی ژنە کرد مەڕێك بکاتە قوربانی‌و هات خوێنەکەی لە هەنیەی ژنە ڕشاند ، ئینجا دەستە قوڕێکی ڕەقی لەسەر سنگی دانا کە لەسـەر مەرقەدی شێخ ئادی هێنابوویان • داوێکی لە زەندەی چۆپەی ژنە بەست‌و حەفت ڕۆژ بە تەنیایی خستی‌بە

ژوورێکەوەو لەو ماوەیەدا تەنیا جۆرە نانێکیان دەرخوارد دەدا کە شێخ بە دەستی خۆی دەیکرد • مێردی ژنە سەری زۆر لە سەرکەوتنی ئەم چارەکردنە خەرافی‌یە سوڕماو پاشان بۆ مەلای گێڕایەوە کە نەیتوانی بوو چارەی بکا ، مەلا گوتی : « ئەدی نەیانگوتوە پیسی بە پیسی دەچێ ؟! » •

وێ ناچێ یەزیدی هیچ کتێبی پیرۆزیان هەبێ* • ئەو ویردەی لە نوێژ دەیخوێنن نەوە بە نەوە و زار بە زار هاتۆتە خوارێ • ئەمەش هۆیەکە لەو هۆیانەی ڕێ بە موسلمانان دەدەن کە خراپە بەرامبەر یەزیدی‌یان بکەن ؛ چونکە قورعان دەڵێ ئەو کەسانەی (خاوەنی کتێب) نەبن – واتە وەحی نووسراویان نەبێ – شایەنی نەفرەت‌و سووکی‌و ئازاردانن • ئەو دوژمنداری‌یەی کە موسلمان کردوویانە بە تایبەتی چینی «عولەما» ، هەندێ جار بۆتە هۆی تۆڵە سەندنەوەی وا کە مەلاکان هەموو جارێ نەتوانن وەکو مەلای ناو ئەم چیرۆکەی خوارەوە بە موعجیزە لە گرتن‌و مردن دەرباز بن •

مەلا محەمەدی قولپی(١٢)

ڕۆژێ مەلا محەمەدی قولپی هەگبەیەك کتێبی بە پشتی داداو شیرو مەتاڵی لە خۆی بەست‌و بە تاقی تەنێ ڕێی بایەزیدی گرتە بەر بۆ ئەوەی لەوێ دەرز بڵێتەوە • لەو کاتەی کە لە دەشتی عەباغا

* دیارە خاتوو گارنێت ناوی (مەسحەفا ڕەش) و (جەلوەی) نەبیستوە کە کتێبی پیرۆزی یەزیدی‌یانن • هەر چەندە کە من لەو بڕوایە دام کتێبی ئەسلی یەزیدی‌یان زۆر لەم دوو کتێبەش کۆنترەو هێشتا بە تەواوی زمان‌و ئەلفێ بێ‌و ناوەرۆکەکەی ساغ نەکراوەتەوەو بە تەواوی لێی نەکۆڵراوەتەوە • (وەرگێڕ) •

(١٢) قولپ : گوندێکە کەوتۆتە بەینی بتلیس‌و سەعرەت •

دەڕۆشت کەوتە ناو کەفرو تیوەڕە تەمۆخان ، لەناکاو هەشت سواری یەزیدی لە بۆسە لێ‌دەرپەڕین‌و گرتیان‌و قۆڵبەستیان کردو هەرچی پێی بوو لێیان سەندو بردیانە مەکۆی خۆیان بۆ ئەوەی لەوێ بە دەردەسەری بیکوژن • پیری یەزیدی‌یان شیری هەڵکێشاو لەسەر سەری مەلا ڕایگرت‌و گوتی : « وەرە ، واز لە دینی محەمەد بێنەو ببە یەزیدی، نەوەك دەتکوژم » • مەلا وەڵامی دایەوە : « خوا بە زارت دا نەنۆڕی ، ئیشی وا ناکەم ! ئەگەر دەمکوژی بمکوژە ، دیارە خوا وای نیاز لەسەرە ، منیش بە ئەمری خوا ڕازیم » • یەزیدی‌یەکە پێی گوت: « ئەگەر بڕوات بە هێزە کە دینەکەت ڕاستە فەرموو وا بکە محەمەد بێتە هانات‌و لە مردن قوتارت بکا » • مەلا وەڵامی دایەوە : « محەمەد هەر ناشزانێ من لێرەم » • ئینجا یەزیدی‌یەکە گوتی : « باشە ، دە بانگی محەمەد بکە بەڵکو بێ‌و لەبەر دەستی من دەرتبێنێ‌و ڕەهات بکا » • هەڵبەت.پیری یەزیدی تیزی بە مەلای کلۆل دەکرد ، بۆیە پێی گوت : « پێش ئەوەی بتکوژم سێ جار بە دەنگێکی بەرز هاواری محەمەد بکە ! » مەلا بە نائومێدی سێ جار ، بە دەنگی بەرز ، هاواری پێغەمبەری کرد : « یا محەمەد ، یا محەمەد ، یا محەمەد ! » بە ڕێکەوت لەو کاتەدا ، کابرایەکی محەمەد ناو ، کە لە عەشیرەتی حەیدەرانلی بوو ، بە خۆو بە دە سوارەوە بەوێدا تێ‌دەپەڕین ؛ کە گوێیان لەم هاوارە بوو تەتلەکوت هاژوایانە ناو کەفرەکان‌و یەکسەر گەیشتنە سەر هەشت یەزیدی‌یەکەو مەلای یەخسیر • یەزیدی کە گوێیان لە ڕمبەی سمی ئەسپان بووو دیتیان ئەم هەموو سوارە لە هیکەوە لێیان پەیدا بوون ، قوچاندیان‌و هەڵاتن • حەیدەرانلی‌یەکان بەریان دا دوویان‌و چواریان لێ‌گرتن‌و هەر لەوێ دەستبەجێ کوشتیانن، بەڵام چوارەکەی‌دی دەرباز بوون • کە بەم جۆرە مەلا محەمەدیان

ڕزگار کرد ، دەستو پێیان کردەوەو لێیان پرسی داخۆ چۆن کەوتۆتە بەر دەستی ئەو یەزیدییانە • مەلا چی بەسەر هاتبوو هەمووی بۆ گێڕانەوە • ئەوانیش لەو ئەسپانەی گرتبوویان ، ئەسپێکیان دایێو ئازادیان کرد • مەلا بە ساغو سەلامەتی گەیشتە بایەزیدو ئیدی لەوێ باس هەر باسی مەلا محەمەد بوو •

× × ×

یەزیدی ڕۆژمێری محەمەدییان هەیەو وەکو موسلمانان مێژووی کۆچی بەکار دێنن • جەژنی سەری ساڵیان دەکەوێتە ڕۆژی چوارشەمە* کە یەك شەمووی ئەوانە بەڵام بۆ ڕاگرتنی دڵی موسلمانە دراوسێکانیان وا دەردەخەن کە ڕۆژی پیرۆزو پشوویان ڕۆژی هەینییە • هەر چەندە کە ڕۆژوو لەگەڵ بیروباوەڕی یەزیدییان پێچەوانەیە بەڵام هەموو ساڵێ لە مانگی کانوونی یەکەمدا سێ ڕۆژ بە ڕۆژوو دەبن •

ئابیدەی یەزیدییەکان کە مەزاری شێخ ئادییە هێندەی شتی تایبەتیی بیناسازیو ڕازاندنەوە تێدایە کە بە وەسفێکی کورت هەقی خۆی نادرێتێ • ئەم مەزارە کەوتۆتە دۆڵێکی ناو شاخان ، بیست میل لە خوارووی ڕۆژهەڵاتی (ڕەببان هۆرمەزد)ە • ئابیدەکە ڕۆژهەڵاتو ڕۆژاوا هەڵکەوتووەو زۆر وێنەی لە دیوارەکانی ناوەوە کراوە وەك : خاتەمی سولێمان ، گۆڵ ، گۆپاڵ ، تەور ، سۆلجانی حەفت چڵ ، شێر ، مارو زۆر زیندەوەری تریش • ڕووبارێك بە ژێر عەردی

---

* ڕۆژی پیرۆزو پشوو ، لای موسلمانان هەینیو لای دیانان یەكشەمەو لای جولەکان شەمووو و لای زەردەشتیو یەزیدییان چوارشەمە • (وەرگێڕ) •

ئابیدەکەدا دەڕواو لـە حەوشەدا حـەوزێکی لێ‌بڕدەبێ • کانی‌یەکی پڕ ئاویش لە هۆڵی سەرەکی‌دا هەیە کـە هەر گۆشەیەکی سەکۆیەکی بچووکی لێ‌کراوە بۆ حەسانەوەی ئەو کەسانەی دەچن لەوێ لە ئەو بکەون • ئابیدەکە سێ گۆڕی تێدایە ، دەڵێن گۆڕی شێخ ئادی‌و دوو پیری‌تری یەزیدی‌یانن‌و هەر گۆڕەو گومەزێکی قووچەکەیی بـەرزی وەکو لووتکەیەکی تیژی لەسـەر قیت بۆتـەوە • دووریش نی‌یـە ، ئەوانەی بـە گۆڕ داندراون ، تـەنیا گۆڕی ڕەمزی بن‌و یـەزیدی بۆ ڕاگرتنی دڵی موسڵمانە دوژمنەکانی دەوروبەریان دایانهێنا بێ • بەداخێکی نزیك گۆڕی سـەرەکی قوڕی لێ‌یەو حاجی بـە تفەڕك دەیبەن‌و بۆ نووشتەو شتی وا بە کاری دێنن ، هـەڵبەت لـەمەدا لاسای موسڵمانان دەکەنەوە کە خۆڵی سـەر گۆڕی شێخە گـەورەکان(١٣) بـە تفەڕك دەبـەن • نزیکەی هـەموو گوندە یەزیدی‌یەکان چاکێك یان گۆڕێك‌و بگرە پتریان لێ‌یە دەڵێن گۆڕی پیرێکی گەورەیەو هەموویشیان بریتین لە هۆڵێکی نزمی چوار گۆشەی بچووك‌و چەند دالانێکی نزم‌و گومەزێکی قووچەکەیی قیت • ئافرەت‌و بگرە پیاویش لەسەر مـەزاری شێخ ئادی مجێوری دەکەن • ئافرەتەکان کراسی سپی لەبەر دەکەن‌و چەفتەی سپی لەسەر دەنێن • یەزیدی ساڵێ دوو جارە دەچنە حـەجی ئـەم ڕووگە پیرۆزەیان‌و لەو ناوە هـەوار هەڵدەدەن‌و لەناو دۆڵ‌و باخچەکاندا بەو پەڕی شادی‌و خۆشی‌یەوە دابی ئایینی خۆیان بـەجێ دێنن • ئافرەت بەرگی پۆشتەو پەرداخ لەبەر دەکەن‌و خەناوکەی زیو لە مل دەکەن

---

(١٣) دەروێشی مەولەوی کە کلیلەکانی گلیسەی سانت دیمیتریۆسی لە سالۆنیکا لایە ، ئەو کاتەی چووەمە سەردانی هـەندێ قوڕی ژێر گۆڕی ئەم چاکەی دامێ کە موسڵمان‌و گریك بە تەد یـەك ڕیزی لێ‌دەنێن •

دراو لەسەر دەنێن‌و پەڕی قورمزی‌و چەپکە گوڵ یان کوڵووك خاشخاش لەبەر فێس ڕادەکەن‌و لەگەڵ پیاوان شایی ڕەشبەڵەك دەکەن‌و جاری وا هەیە ژمارەی شایی‌کەران دەگاتە دوو سەد کەس • زۆربەی کچی عازەب ئەو وەختە ، بەو پەڕی دڵەوە ، بە شایی‌و خۆشی ، لەگەڵ دڵخوازو دەزگیرانیان ڕادەبوێرن •

خێڵی گەورەی (دوجیك)ی کوردی کە چەند تایەفەیەکە جۆرە مەزەبێکی تایبەتی‌یان هەیە پێی دەگوترێ «کزلباخ»** • ئەمانە عەلی‌ی خەلیفەی یەکەم* بە لەشی خوا دەزانن‌و بەم جۆرە وەکو عەلی ئیلاهی‌یەیان ئێران پایەی عەلی لە پێغەمبەری موسلمانان گەورەتر دادەنێن • تایەفەیەکی‌تریش هەن پێیان دەگوترێ « بالیکی – Baliki » ئەمانە وا دادەنێن کە عەلی دوا دەرکەوتنی خوایە لە شێوەی بنیادەمدا • سۆفی‌یە سەرگەرمەکانی موسلمانان دەڵێن ئەو هەموو پێغەمبەرە گەورانەی کە هەر لە سەرەتای دروست بوونی دونیاوە دەرکەوتوون – ئادەم ، ئیبراهیم ، مووسا ، ئەلیاس ، عیسا ، محەمەد – هەموویان یەك لە دوای یەك لەشی خوا بوون‌و لەبەر ئەوەی دامەزرێنەری ئیسلام لە پاش هەموویانەوە هاتوە لە هەموویان پایەبەرزترو گەورەترە • بەڵام بالیکی‌یەکان بە تەواوەتی ئینکاری محەمەد دەکەن • بینا بە قسەی ئەوان : « خوا خۆی بە هەزار جۆر نیشان داوە • بەڵام زۆر کەس بڕوایان وایەو هەیشە گومانی هەیە کە خوا خۆی بە یەك شێوە پێشان بدا » • هەر چەندە پیاوەکانی سەر بەم تایەفەیە شەڕکەرو سەرکێشن بەڵام ئەم وەفدە ئەمەریکی‌یەی هاتە ناویان بە سەرکەوتوویی دەرچوون • کاریگەری ئەم چەند

** ڕەنگە قزلباش بێ • (وەرگێڕ) •

* عەلی چوارەم خەلیفەیە • (وەرگێڕ) •

نێوێوڕكی‌یه ئه‌وه بوو كه توانیان هه‌ندێكی هه‌ره چه‌توون‌و گێره‌نێوێن ڕازی بكه‌ن كـه چه‌ك فڕێ بده‌ن‌و واز له خراپه‌كاری‌و چه‌ته‌گه‌ری‌و دزی‌و كوشتن‌و بڕین بێنن ، كه تورك قه‌ت نه‌نایده‌توانی كاریان تێ‌بكه‌ن‌و بیانگۆڕن (١٤) •

---

(١٤) بڕوانه :

(14) Consul Taylor, Jour.R. Geog. Soc. vol. P. 29.

كه ده‌ڵێ : بالیكی Baliki ده‌ڵێن گوایه نه‌وه‌ی «شاره‌زوور» یان «سانه‌سه‌ر»ی «سه‌نحاریب»ن كـه له‌گـه‌ڵ «ئه‌دریماله‌ك»ی برای هه‌ڵاتن بۆ «ساسوون» كه كه‌وتۆته خوارووی ڕۆژهه‌ڵاتی گۆلی وان ، دوای ئه‌وه‌ی كه له نه‌ینه‌وا باوكی خۆیان كوشت‌و سێ سولاله‌یان دامـه‌زراند یه‌كێكیان ئـه‌وه‌ی «سه‌ناسوون» یان «ساسوون»ه‌كان بوو • بڕوانه ئه‌مانه‌ش :

Moses of Khornī, I, P. 103. II. P. 145.

هه‌روه‌ها :

The Georaphy of the Vartabed Vardan in St Martin, II. P. 431.

كه تایله‌ر باسی كردوه •

بــەشی چوارەم

ئافرەتی کورد : داستان‌و چیرۆکی فۆلکلوری‌یان

ئــەو چیرۆك‌و ئــەفسانانەی کورد دەیگێڕنــەوە مۆرك‌و شــێوازو نیشانەیان تەواو تایبەتی‌و جودایە • زۆر ئەفسانەیان هەیە کە هەندێ زۆر لە هەقایــەتی خۆش‌و سوودبــەخشی گریکی‌و تەوتۆنی یان لــە چیرۆکی گیانداران دەچن کــە ڕەنگــە هــەر لــە کۆمەڵە چیرۆکەکانی ئیزۆپ‌و لافۆنتێــن‌و فابلیســتەکانــی‌دی بــن‌و مۆرکــی ڕۆژهەڵاتــی‌یــان وەرگرتبێ •

چیرۆك هەیە باسی خەزینەی پاشا دەکا کە جن پاسەوانی دەکەن ، هەیە باسی ئــەشق‌و ئەوینی بــە سۆز دەکا • جگە لەو ئەفسانە لــەبن نەهاتوانەی کە باسی پاڵەوانێتی خێلایەتی و دەرەبەگایەتی‌و تۆڵەسەندنەوەی مەردانە دەکــەن • چیرۆکی تۆڵەسەندنەوە هــەر چــەندە بە هــەموو مانایەکەوە چیرۆکی فۆلکلۆری نی‌یە ــەڵام زۆر بــە ووردی وەسفی ڕەفتارو کردەوەی ئەم گەلە کێوی‌یە سەرسەخت‌و تایبەتی‌یە دەکا کە من زاتم کردوە یەك دوانێکیان بخەمە ناو ئەم بەشەوە •

× × ×

چیرۆکی یەکەم ئاشــکرا دیارە چیرۆکی (کۆنستانت‌و دێو)[1]ی فۆلکلۆری تینۆتی گریکی‌یــە و کــەمێ گۆڕانی بــەســەردا هــاتوە • سەرەتای چیرۆکەکە بــە دروێنــەی تەبارەیــەك دەســت پێ‌دەکاو لــە

1- Κωσταντῆς κι' ὁ Δράκος, Hahn (J.G.Von) Νεοελληνικὰ Παραμύθια, p.196, and: Märchen, II. p.182.

هەردووکیاندا زۆ لەیەك نزیکە • «دێو» یان «دێف»ی کوردی بەرامبەر (giant) ی سـکەندیفـافـیو (Troll) ی ئینـگلیـزیو (Rakshasa) ی هیندیو (Drakos)[۲] ی گریکـی دەوەستێ کـە دەعبایەکی سەرسەختە بـەڵام ئاقڵسووکەو هـەمیشە مرۆیەکی زیرەك – لە سێ برایان برای گچکە ، یان کوڕی بێوەژنێ – دەیخاپێنێ •

سێ براو دێوەکە(۳)

هەبوو نەبوو لە شوێنێکا سێ برا هەبوون • برای بچووك ناوی حەسەنۆك بوو ، ئەوەی ناوەنجی ناوی قاسم بوو ، ئەوەی گەورە ناوی شەعبان بوو • یەکەو داسیان هەبوو • حەسەنۆك بە براکانی گوت : « وەرن لەم وولاتە بڕۆین ، بچینە ناو عاشیرەتێکی دی بەشکو ئیشمان دەست بکەوێو کرێیەکی باش وەربگرین » • بەم جۆرە هەرسێکیان سـەریان هـەڵگرتو ڕۆیشتن تا گـەیشتنە بانو بـەزراییانو تووشی تەبارە گەنمێك هاتن • حەسەنۆك بە براکانی گوت : « وەرن ، بەری لێ بگرین ئـەم تـەبارە گـەنمە بدوورینـەوە ، هـەڵبەت بـە خودانەو خوادانەکەی کرێمان دەداتێ » •

هەر سێکیان چوونە بـەر بەرو ملیاندا دروێنـە • پاش دوو ڕۆژ دروێنە ، حەسەنۆك ئەشکەفتێکی بینی • ئەشکەفتەکە ئەشکەفتی دێوێك

---

(۲) مستەر جیلدارت بە هەلە بە عەزیا تەرجەمەی کردووە • بڕوانە:
Vol. I. P. 355, Note.

لەگەل ئەمەدا بەراوردی بکە :
Dozen, chants Pop. Bolgares, No. 8.

(3) Lerch, Forschunger über die kurden, P. 49.

بوو • دێوەکە لـە ئەشکەفتەکـە هاتـە دەرەوەو هاواى کرد : « کورە زەلام ئێوە کێن ؟ ئەوە بۆ گەنمى من دەدوورنەوە ؟ ئێستا دێم سـەرى هەرسێکتان دەخۆم » •

حەسەنۆك بە براکانى گوت : « مەترسن ، کـە دێوەکـەمان بۆ هات دەڵى : (ئێوە کێن ؟ و ئەوە بۆ گـەنمى من دەدوورنەوە ؟) ئێوە شتاقـان دەنگ مـەکـەن ، بۆ منى لـێ گـەڕێن ، مـن خۆم وەڵامـى دەدەمەوە » • بەم جۆرە کـە دێوەکـە هات ئەوان وازیان لە دروێنە نەهێنا • دێوە نـەڕاندى : « ئەوە لێرە چ دەکـەن ؟ دیارە ناوى منتان نەبیستوە ؟ هەر ئێستا بە یەك قەپ سەرى هەر سێکتان قلووف دەکەم »• حەسەنۆك گوتى : « ئەفەندى – ماوەم بدە قسەیەکت عەرز بکەم » • دێو وەڵامى دایەوە : « کوڕم ، قسەى خۆت بکە ! » حەسەنۆك گوتى: «ئێمە هەرسێکمان براین ، بێرە داهاتین ، چاومان بەم تەبارە گەنمەیە کەوتو دەستمان بـە دروێنـە کرد چونکـە دەمانزانى خودانى خۆى هەیەو خودانەکەى کرێمان دەداتێ » • دێوە بـە حەسەنۆکى گوت : « زۆر باشـە ، کوڕم ، دروێنەى خۆتان بکـەن ! » ئینجا دێوە لـە حەسـەنۆك چوە پێش‌و گوتى : « کوڕم تۆ داسەکـەت بدە مـن‌و بۆ خۆت نەختێ دانیشە ، پشوویەك بدە » •

بەم جۆرە دێوەو قاسـم‌و شـەعبان هـەرسێکیان تا نوێژى ئێوارە دروێنەیان کرد • ئـەو حەلـە دێوە هـەستا نامەیـەکى نووسى ، دایـە حەسەنۆك‌و گوتى : « ئەم ڕێگایـە بگرە ، بڕۆ ، دەگەیتە چیایـەك ، ماڵى من لەسەر دوندى چیایەکەیـە • ژنەکـەم‌و هەر سێ کچم وان لەوێ • ئەم نامەیە بیە بدە ژنەکەم هەقت نەبێ ئەو خۆى تێ‌دەگا » • حەسەنۆك نامەکەى وەرگرت ملى ڕێى گرت‌و ڕۆیشت • لە ڕێگادا

نامەکەی کردەوە ، دیتی دێوەکە نووسیویە : « کە ئەم کابرایە نامەکەی گەیاندە ماڵێ ، بیگرن ، سەری ببڕن‌و سەرەکەیم بە پلاو بۆ لێ بنێن تا بیخۆم » . حەسەنۆك نامەکەی دڕاند ، نامەیەکی‌تری نووسی : « کە ئەم کابرایە ئەم نامەیەی گەیاندە ماڵێ ، کاوڕی تاڵە سەر ببڕن‌و سەرەکەی بە پلاو لێ‌بنێن‌و لێ‌گەڕێن حەسەنۆك شەو لەگەڵ کچی گەورەم بخەوێ و بۆ بەیانی پلاوەکەی بۆ من پێ بنێرن » .

بەم جۆرە ژنی دێوەکە کاوڕی تاڵەی سەر بڕی‌و گۆشتەکەی بە پلاو لێ‌ناو دایە حەسەنۆك‌و حەسەنۆك پلاوەکەی بۆ دێوەکە برد . دێو وەری گرت‌و بە حەسەنۆکی گوت : « من لە نامەکەدا شتی وام نەنووسی بوو ، ئەم ژنە سەگسارە بۆچی ئەم خواردنەی لێ‌ناوە‌و پێ‌ی ناردووی ؟ بۆچی ئەم خواردنەت بۆ هاوردووم ؟ من لە نامەکەدا شتی وام نەنووسی بوو ، بەڵکو ، نووسی بووم کە ژنەکەم سەری حەسەنۆك ببڕێ‌و پلاوێکم بە گۆشتی حەسەنۆك بۆ لێ بنێ‌و بۆم بنێرێ » . حەسەنۆك گوتی : « ئەگەر دەڵێی ئەم جارە تۆ خۆت بڕۆ ، ئەگەرناش من دەچم ، ئەمجارە با ژنەکەت سەرم ببڕێ‌و بەسەر پلاویەوە بنێ‌و بۆت بنێرێ » . دێوە وەلامی دایەوە : « کوڕم ، داکاسێ ، نامەیەکی‌دی دەنووسم ، ئەمجارەش هەر تۆ بۆ ژنەکەمی بە ، ئەگەر هاتیتەوە ئەو حەلە خۆم دەچم » . حەسەنۆك گوتی : « زۆر باشە ، ئەفەندی » . دێو نامەیەکی نووسی‌و دایە حەسەنۆك ، حەسەنۆك نامەکەی وەرگرت‌و ڕۆیشت . پاش دوو سەعات نامەکەی کردەوەو خوێندیەوە ، دی دێوەکە لە نامەکەدا نووسیویە : « ئافرەتی بەدکار ، ئەگەر ئەمجارە ئەم کابرایە بە ساغ‌و سەلامەتی بگەڕێتەوە یەکسەر دێم سەرو دەست‌و قاچت دەبڕم ؟ چونکە دیارە بە گوێم ناکەی » . حەسەنۆك ئەم مخەنەتی‌یەی دێوەکەی لە نامەکەدا

خوێندەوە ، نامەکـەی دڕاندو فڕێیدا ، نامـەیـەکی تری نووسی :
« ئەم جارە کاوڕی قولـە بکوژەوەو بیکە «کەباب ـ ـــــ »، نان‌و پلاویشی لەگەڵ ڕەوان بکە • لێ‌گەڕێن حەسەنۆك ئەم شـەو لەگـەڵ کچی بچووکم بخەوێ‌و بەیانی نان‌و پلاوەکەی پێ بنێرن » • حەسەنۆك ئەم نامەیەی دایە ژنی دێوەکە ، ئەویش وەری گرت‌و خوێندیەوە :
« ئەم جارە ••• » ژنە کاوڕی قولـەی کوشتەوەو گۆشتەکەی کردە کەباب‌و ئەو شەوە حەسەنۆك تا بەیانی لەگەڵ کچی بچووك ڕایبواردو بۆ بەیانی هەستا چوو بە ژنی دێوەکەی گوت : « خواردنەکانم بدێ با بۆ دێویان ببەم » • ژنە هەستا خواردنەکانی دایە حەسەنۆك‌و گوتی :
« لە باتی من سەلامان لە دێوە بکە و پێی بلێ هەی تاوانبار خواردنت لـە ماڵێ نەهێشت » • حەسەنۆك بـە ژنی دێوەکـەی گوت : « ئەم کاوڕەـی گۆشتەکـەی دەبەم ـ تۆم دەخاتەوە یاد » • ژنە گوتی :
« بەخێر بگەیتە جێ ، بەختت یاز بێ » • حەسەنۆك وەڵامی دایەوە :
« سـوپاست دەکـەم ، خـوا لێت ڕازی بێ » • حـەسـەنۆك هـەستا خواردنەکانی هێناو دایە دێوەکـە • دێوەکـە وەری‌گرت زۆر تووڕە بوو ، گۆشتەکەی فڕێداو بە هەڵەداوان گەڕایەوە ماڵێ •

حەسەنۆك بە براکانی گوت : « براینە ، دێوە خواردنی لە ماڵێدا نەماوە ، هـەستن با بڕۆین دوور بکـەوینەوە » • حەسـەنۆك پێش کەوت‌و براکانی کەوتنە دووی‌و ڕۆیشتن ، چوار ڕۆژ ڕۆیشتن •

دێوەکە کاتێ گەڕایەوە دیتی حەسەنۆك لەوێ نەماوە •

حەسەنۆك چوە شـارێك‌و براکـانی بردە بازاڕو پێی گوتـن :
« فەرموو بۆ کوێ دەچن ، بڕۆن » • قاسمی برای حەسەنۆك گوتی :
بۆچی ئێمەت هێنایە ئێرە ؟ » شەعبانی برایشی دایـە پڕمەی گریان •

حەسـەنۆك گـوتی : « برام ، بۆ دەگری ؟ خـەمت نـەبێ ، خـوا گەورەیە ! » قاسـم گوتی : « بۆچی ئێمەت هێنایـە ئێرە ؟ ،چیمـان لێدەکەی ؟ ئێرە غەریباتی‌یەو ئێمـە هیچ دالدەمان نی‌یەو کـەس بـە خۆیمانەوە ناگرێ ••• ئێمە دەچینـەوە ماڵی خۆمان » • حەسـەنۆك گوتی : « بۆ خۆتان لای ئاغایەك ئیش بکـەن » • جا براکەی بردە قاوەخانەیەكو بـە خاوەنی قاوەخانەکەی گوت : « ئەفەندی ، ئـەمـە برامە ، ناوی قاسمە ، دەمەوێ ببێ بە شاگردی تۆ » • کابرا وەڵامی دایـەوە : « کوڕم ، برات چ جۆرە ئیشێك دەزانێ ؟ » حەسـەنۆك گوتی : « هـەر ئیشێکی پێی بسپێری دەیزانێ » • ئینجـا خـاوەی قاوەخانەکە گوتی : « زۆر باشە ، کوڕم » • حەسەنۆك برای لەوێ بـەجێهێشتو گـەڕایەوە بازاڕ بـەڵام تا گەڕایـەوە شـەعبـانی برای نەمابوو • یەك مانگ بە دوایدا گەڕا ، ئەنجام لە بەندیخانەدا بەسەری کرتەوە • لێی‌پرسی : « برام ، ئەوە کێ تۆی خستۆتە بەندیخانە ؟ » شەعبان وەڵامی دایەوە : « چوومە لای دێوەکە بۆ ئەوەی پاکانە بۆ خۆم بکەم ، هەر هێندە دێودم دۆزی‌یەوە ، وا دەکەم خراومەتە ناو ئەم بەندیخانەیە » • حەسەنۆك برای لـە بەندیخانە دەرهێنا ، چوار ڕۆژ لەگـەڵیدا بوو • بردی‌یە حـەمام ، جوان جوان بـە سـابوون شووشتی‌و کـە هاتـە دەرەوە بردی‌یە لای سـەرۆکی نۆبەتداران • حەسەنۆك بە سەرۆکی نۆبەتدارانی گوت : « ئەمە برامە ، چاوت لێ بێ تا دێمەوە » • سەرۆکی نۆبەتداران گوتی : « پاڵەوان ، ئـەدی خۆت کێوە دەچی ؟ » حەسەنۆك گوتی : « دەچم تۆڵـەی برام لـە دێوەکە دەکەمەوە » • سەرۆکی نۆبەتداران گوتی :« پاڵەوان ، بڕۆ ، بەڵام ئاگادار بە منیش دێوگرم ، لێدەزانم • دێوەکە شیرێکی هـەیە کالانی زێڕەو لـە تـەنیشت چوارپـای نوستنی لـە ژێر پەردەیـەك

ناردوتیەوە • دەست بکە شیرەکەو برۆ ژوورەوە • پەنجەرەیەك لەلای دەستەڕاستە ، برۆ لای ئەو پەنجەرەیەو بیکەوە کە دێوەکە هەتە ژوورەوە شیرەکە هەڵکێشەو کە لێت نزیك بوەوە لەسەری دەو سەری پەل دە با بکەوێتە ئەو گۆڕە • سەرە بڕاوەکە زمانی دێتە گۆ ئەدەر گوتی : « شیرێکی تریشم لێدە ! » پێی بڵێ : « هیچ شیری تر ناوەشێنم ، پاڵەوان یەك قسە دەکا » • حەسەنۆك هەستا چوە مالی دێوەکە • شیرەکەی لە بن سەرینەکەی دەرهێنا ، چوە ژوورەوە پەنجەرەیەکی لەلای دەستەڕاستەوە بینی ، چوو لەبەر پەنجەرەکە ڕاوەستا • دێوەکە لێی بە ژووریێ کەوت • حەسەنۆك شیرێکی لە دێوەکەداو سەری پەلداو خستی‌یە ئەو گۆڕە • سەری دێوەکە بە حەسەنۆکی گوت : « شیرێکی تریشم لێدە ! » حەسەنۆك گوتی : « پاڵەوان یەك قسە دەکا » • دێوەکە تۆپی • حەسەنۆك کەلەشی دێوەکەی برد فڕێی دا ناو قۆرتێكو بە ڕێگایەکی‌تردا گەڕایەوە مالی دێوە • کچە بچووکەکەی دێوەی بۆ خۆی بردو ڕۆیشتو چوە دوای سۆراغی قاسمو شەعبانی برای • کە دۆزینیەوە ، کچی گەورەی دێوەی دایە شەعبانی برایو کچی ناوەنجی دایە قاسمی برایو هەر سێکیان داکەوتنو تا مابوون بە ئاشتی‌و بەختیاری ژیان(٤) •

× × ×

ئەم کورتە چیرۆکە غەمگینەی خوارەوە ، چیرۆکی (خوشكو برا)ی برایانی گریمو چیرۆکی (ئەستێرەگەشەو چۆلەکە)ی فۆلکلۆری

---

(٤) چیرۆکەکە باس ناکا داخۆ ژنی دێوەکە چی بەسەر هاتوە ، بەلام زۆر لە گوینە ئەو کاتەی دێوەکە بە توورەیی گەڕایەوە مالێ کوشتبێتی •

(نەپیرۆنی گریکی)مان بیر دەخاتەوە • ئەم چیرۆکە کوردی‌یە ڕەگەزی کانیبالیستی تێدا نی‌یە •

ئەفسانەی پەپوو(٥)

هەبوو نەبوو ، ژنو مێردێك هەبوون ، کوڕێكو کچێکیان هەبوو • ژنەکە عەمری خوای کردو زۆری پێ‌نەچوو کابرا ژنێکی‌تری هێنا • پاش دوو ساڵ ژنە نوێ‌کە کچێکی بووو لەگەڵ زڕمنداڵەکانی کەوتە ململانەو ڕکابەری •

کچە هەمرو ڕۆژێ دەچوە بەر گاڕان • ئێوارەیەك کە هاتەوە ماڵێ برای دیار نەبوو • لە زڕدایکی پرسی داخۆ برای چۆتە کوێ • ژنە وەڵامی دایەوە : « برات چۆتە ماڵی مامت » • کچە چوو نووست لە خەودا بینی برای کوژراوەو تەرمەکەی فڕێ دراوەتە ناو قۆرتێك • بەیانی کە لە خەو ڕابو بە باوکی گوت : « باوە ، ئەم شەو لە خەودا دیم ژنەکەت براکەمی کوشتبوو و فڕێی دابوە ناو قۆرتێك • ئێستا دەچمە بەر گاڕانو تا ئێوارێ دێمەوە ئەگەر برام هاتبێتەوە باشە ، دیارە چی بەسەر نەهاتوە ، ئەگەر نەهاتبێتەوە دیارە کوژراوە ، ئیدی چیتر ناچمە بەر چێڵانو لێرەش نامێنم » • باوکی وەڵامی دایەوە : « ئەمرۆش بڕۆ بەر گاڕان • من خۆم سۆراغی برات دەکەمو هەمرو شتێ ساغ دەکەمەوە • لەبەر ئەوەی ژنەکەم ڕکی لە ئێوە دەبێتەوە تا نەیدۆزمەوە منیش نایەمەوە » • کچە مانگاکانی هاژواو چوە پاوانان • باوکەش چوە دەرەوە ، گەڕا گەڕا ، تا کەلەشی کوڕەکەی دۆزی‌یەوە فڕێ درابوە ناو قۆرتێكو تاشە بەردێکی گەورەی بەسەر دادرابوو •

---

(5) Lerch, Forschungen & c., P. 80

خێرا گەڕایەوە ماڵێو بە ژنەکەی گوت : « ئەوە بۆ کوڕەکەت کوشتووم ، حورمێ ؟ ئەم شەو خوشکی لە خەودا دیبووی برای کوژراوە ، سبەینێ زوو بە گریان هاتە لامو گوتی : « برام کوژراوەو فڕێ دراوەتەوە ناو قۆرتێك » • منیش گوتم : « ووس بە ، کچم ، قسەی وا مەکە ، مەترسە برات چی لێ نەهاتوە » • کچەکەم گوتی : « ئەمڕۆ دەچمە بەر گاڕانو تا ئێوارێ دێمەوە ئەگەر برام نەهاتبێتەوە چیتر لێرە نابم » • ژنە وەڵامی دایەوە : « دەبڕۆ ، وازم لێبێنە ، بۆ کەفو کومانم لێدەکەی • دەچی گوێ لە درۆو دەلەسەی کچەکەت دەگریو دێی دەڵێی : « بۆ کوڕت کوشتووم ؟! ، من بۆ کوڕی تۆ دەکوژم ؟ » کابرا بە تووڕەیی ڕۆیشت ، مەیتی کوڕەکەی لە قۆرتەکە دەرهێناو بردییە بەردەمی ژنەکەیو گوتی : « هەی دڕندە ، ئەدی کێ ئەم کوڕەی کوشتوە ؟ » ژنە متەقی لێوە نەهات لە ترسان لەرزی گرتو زمانی بەسترا • باوکە تەرمی کوڕی کوژراوی شووشتو بردییە گۆڕستان ناشتی • کە لە ناشتنی تەرمی کوڕەکەی گەڕایەوە ، سەری ژنەکەی بڕیو فڕێیدا ناو قۆرتێك • ئێوارێ خوشکی کوڕە کوژراوەکە هاتەوە ، نە برای دیار بوو ، نە زڕدایکی • لە باوکی پرسی : « باوکە ، ئەدی کوا باوەژنم ؟ » کابرا وەڵامی دایەوە : « نازانم ، بەڵام ڕاستە ، برات کوژراوە » • کچەکە کە ئەم خەبەرەی بیست کەوتە گریانو ڕۆیشت چوە دەم گۆمێك ، دەستنوێژی شووشتو دوو ڕکات نوێژی کردو پاڕایەوە : « خوایە ، تۆ بێ بمکەیتە پەپوو ! » یەکسەر دیمەنی گۆڕاو بۆ بە پەپووی خەمناك ، لە شەقەی باڵیدا ، ڕۆیشتو کەس نەیدیتەوە •

× × ×

ئەم چیرۆکەی خوارەوە یەکسەر چیرۆکی پەروەردەیی بارێ

«کچی پۆتین لەپێ» مان بیر دەخاتەوە • لەم دەقەیەشدا هەروەکو دەقی سیسیلی کە مستەر لانگ[٦] باسی کردوە ، ڕێوی لە ڕووی وەفادارییەوە دەیەوێ ئاشەوان دەوڵەمەند بکات ، بەڵام لەبەر ترسنۆکیی ئەمتەك پاشا هەموو هەوڵو تەقەلای بە فیڕۆ دەڕوا •

ڕێوی چۆن هەوڵیدا کچی پاشای میسر بۆ ئاشەوان بێنێ(٧)

هەبوو نەبوو ئاشەوانێك لە وولاتێکدا هەبوو • باراشێکی زۆر دەهاتە ئاشەکەی ئێوارەیەك هەروەکو جاران ئاشی ڕاگرتو چودوە ماڵێ و نووست بۆ بەیانی کە هاتەوە ئاش بینی قوڵغەکە بەتاڵە • شەوێ پاشی نەنووست ، نۆبەتی گرت ، دەوروبەری نیوەشەو دیتی ڕێوییەك هات ، چوە ناو ئاش ، ئاردی ناو قولغەکەی هەموو دەرهێنا ، ئاشەوان لێی ڕاپەڕیو گرتیو دایە بەر داران • ڕێوی ویقاندیو بە ئاشەوانی گوت : « بەرەللام کە ، شەرت بێ کچی پاشای میسرت بۆ بێنم » •

ئاشەوان وەلامی دایەوە : « من کابرایەکی ئاشەوانم ، تۆ چۆن کچی پاشای میسرم بۆ دێنی ؟ » ڕێوی گوت : « تۆ مەمکوژە ، شەرت بێ کچی پاشای میسرت بۆ بێنم ، ئەگەر نەمهێنا لەسەرم بدە » • ئاشەوان گوتی : « باشە ، بەلام سوێندم بۆ بخۆ » • ڕێوی سوێندی بۆ ئاشەوان خواردو ئاشەوان بەرەللای کرد • ڕێوی ملی ڕێی گرت ـ برۆ برۆ گەیشتە میسر ، چوە حزوور پاشاو بە ئەدەبەوە سلاوی لێکرد • پاشا بە ڕێوی گوت : « چیت دەوێ بخوازە !؟ »

---

(6) Perrault's tales: Introduction, P. LXXIII.
(7) Lerch, Forschungen, & c., P. 83.

ڕێوی وەڵامی دایەوە : « گەورەم ، ڕێم دەدەی قسەیەك بکەم » .
پاشا گوتی : « فەرموو ! » ڕێوی گوتی : « گەورەم ، تەمتەك پاشا دێتە داخوازی کچەکەت ! » پاشای میسر وەڵامی دایەوە : « سواران بەگەڵ خۆت بدەو بە پیر تەمتەك پاشاوە بچۆ ، ڕەنگە ئەم کابرایە وەزیر بێ چونکە من ناوی وام نەبیستوە ! » ڕێوی گوتی : « گەورەم، دەستە بەرگێکم[8] بدێ بۆ تەمتەك پاشای بەم و تا دوو ڕۆژی تر سواران مەنێرە پێشوازی چونکە کە هات نزیك بوەوە خۆم خەبەرت دەدەمێ » . پاشای میسر دەستەبەرگێکی دایە ڕێوی‌و ئەویش یەکسەر بردی‌و چوەوە ماڵی ئاشەوان . ڕێوی بە ئاشەوانی گوت : « کچی پاشای میسرم بۆ ڕێك خستووی . ئێستا هەستە برۆ حەمام ، خۆت جوان بشۆو ئەم دەستە بەرگە لەبەر کەو وەرە دەتبەمە حوزوور پاشای میسر » .
ئاشەوان چوە حەمام ، خۆی شووشت ، سەروریشی تاشی‌و بەرگە نوێکەی کردە بەرو لەگەڵ ڕێوی ڕویان کردە ووڵاتی میسرو کە گەیشتنە سەر سنوور ، ئاشەوان بە جێماو ڕێوی چوو خەبەری بۆ پاشا بردو گوتی : « گەورەم ، تەمتەك پاشا هاتوە ، گالیسکەیەکی جوانم بدەرێ سواری بکەم‌و فەرمانیش بدە سەربازەکانت بچنە پێشوازی » . پاشا فەرمانی‌دا گالیسکەیەکی نایابیان ئامادە کردو چوونە پێشوازی .
بەم جۆرە تەمتەك پاشا چوە میسرو سوپای میسری سڵاوی بۆ وەرگرت : سەلاموعەلیکم . بەڵام ئاشەوان پەشۆکا بوو وەڵامی سەربازەکانی پێ نەدرایەوە . هەندێ سەرباز گوتیان : « کابرا سەرخۆشە ، سەرخۆشە ، پاشا نییە ، ئاشەوانە » . ڕێوی خۆی

(8) دیاری وا لە ڕۆژهەڵات زۆر باوەو لە زۆر چیرۆکی فۆلکلۆریدا باسی کراوە .

گەیاندە سەربازەکانو پێی گوتن : « هەوای گەرمە ، تەمتەك پاشا سەخڵەت بوە ، لێی مەگرن » • بەم جۆرە تەمتەك پاشای بردە کۆشکی پاشای میسرو کە لە گالیسکە دابەزی ڕێوی دەستی گرتو بردییە سەرا بۆ حوزوور پاشاو بە پاشای میسری گوت : « ــ ئەفەندی ــ ، مانگێ دەبێ تەمتەك پاشا هۆشی لەقاوە » • پاشای میسر وەڵامی دایەوە : « باشە ، بیبە ژووری خۆی ، با لەسەر چوارپاکە بحەسێتەوە » • ڕێوی قسەکەی بەجێهێنا بەڵام ئاشەوان لە ترسان چرکو هۆڕ دەلەرزی • ڕێوی پێی گوت : « تووکت لێ وارێ، بەس بلەرزە ، پاڵ دەوەو پشوویەك بدە ! » ئاشەوانی زارەترەك گوتی : « ئێستا پاشای میسر دێ لەسەرم دەدا » • ڕێوی گوتی : « نەء ، نایە •••مەترسە • من بەجێت ناهێڵم بەڵام هۆشت لە خۆت بێ ، ئەگەر هاتە ژوورەوە لەبەری هەستەو داوێنی کەوای ماچ کە ! » ئاشەوان گوتی : « ئاخر پاشا بێتە ژوورەوە دەمکوژێ » • ڕێوی گوتی : « هەستە ، ئاوت بۆ بێنم ، دەستنوێژت بشۆو نوێژێك بکە » • ئاشەوان وەڵامی دایەوە : « باشە ، ئاوم بۆ بێنە با دەستنوێژ بشۆم » •

ڕێوی چوو ئاوی هێناو هاتەوە دایەوە ئاشەوان ، ئاشەوان چوە دەرەوە بۆ ئەوەی شوێنێك بدۆزێتەوە دەست بە ئاو بگەیەنێ بەڵام شارەزا نەبوو • ڕێوی ماوەیەك چاوەڕێی کرد ئاشەوان هەر نەهاتەوە• بە دوایدا چوو ، دیتی لەو ساکە گۆڕە کەوتوەو قنیاتی لەبەر براوە • خێرا چوە کن پاشای میسرو پێی گوت : « تەمتەك پاشا چوە دەرەوە دەستنوێژ بشوا ، لە دەرەوە کەوتو مرد » • پاشا گوتی : « برۆ بیهێنە ژوورەوە » ڕێوی مەیتی ئاشەوانی بردە ژوورەوە ، پاشا فەرمانیدا شووشتیانو بردیان ناشتیان •

× × ×

ئەم چیرۆکەی خوارەوە ، سەرەتاکەی دەق وەکو چیرۆکی «ڕێوی و لەقلەق» وایە • مەسەلەی فەروەی مەلا مۆرکێکی تەواو ڕۆژهەلاتی یە • کۆتایی یە ترازیدی یەکەیشم بەلاوە نوێ نی یە ، لە چیرۆکێکی تری ڕۆژهەلاتی دا بیستوومە بەلام بە داخەوە بەبیرم نەماوە هی چە نەتەوەیەکە •••

ڕێوی و هەڵۆو گورگ(٩)

هەبوو نەبوو ، ڕێوی یەك و هەڵۆیەك هەبوون ، بە برایانە دەژیان• ڕۆژێ ڕێوی بە هەڵۆی گوت : « وەرە زیافەتم بۆ کردووی ! » هەڵۆ چوە مالی ڕێوی ، دیتی خەریکە خواردن ئامادە دەکا ، کە خواردنەکە ئامادە بوو ، ڕێوی گۆشتەکەی لە ناو قاپێکی پەل کردو داوای لە هەڵۆ کرد بۆی دابەزێ و گوتی : « برام ، فەرموو بخۆ ! » بەلام هەڵۆ ئەوەندەی دەنووکی لە قاپەکەدا هیچی هەڵنەگراند کەچی خانەخوێ بە کاوەخۆ دەیخواردو دەیماشتەوە •

ئینجا هەڵۆ بە ڕێوی گوت : « فەرموو ، سواری پشتم بە بچینە مالی ئێمە » • ڕێوی سواری پشتی هەڵۆ بوو • هەڵۆ بەرزبووەوە ئاسمان ، مەلایەکی دی لەسەر فەروەکەی نوێژی دەکردو چوو بوە کڕنۆش • ڕێوی بەسەردا بەردایەوە • مەلا زەندەقی چوو ، پڕ بە پێ هەلات و فەروەی بە جێ هێشت • ڕێوی خێرا فەروەکەی لەبەر کردو ڕۆیشت • لە ڕێگادا تووشی گورگ هات • گورگ لێی پرسی: « ڕێوی برا ، ئەم فەروە جوانەت لە کوێ بوو ؟ » ڕێوی وەلامی دایەوە : « گورگی برا ، من خۆم کردوومە ! » گورگ داوای لێ کرد:

(9) Lerch, Forschungen & v., P. 46.

« کەواتە ڕێوی برا ، فەروەیەکی وایش بۆ من ناکەی ؟! » ڕێوی گوتی : « با ، فەروەیەکی وات بۆ دەکەم » .

ـ کەی تەواو دەبێ ؟

ڕێوی وەڵامی دایەوە : « حەفت بەرخم بۆ بێنە ، تا بۆت دەست پێبکەم » . ڕێوی چوە نێو کونو لێیڕاکشا . گورگ ڕۆیشت ، حەفت بەرخی بۆ ڕێوی هێناو هاتەوە . ڕێوی گوتی : « گورگی برا ، بڕۆوە ماڵێ ، دوای سێ ڕۆژیتر وەرەوە ، فەروەکەت تەواو دەبێ » .

گورگ پاش سێ ڕۆژ هاتەوەو داوای فەروەی کرد . ڕێوی وەڵامی دایەوە : « ڕاستە ، باوکم فەروەی باشی دەدووری بەڵام من هیچی لێنازانم » . گورگ گوتی : « ڕێوی برا ، دە لە کونەکەت وەرە دەرەوە ! » ڕێوی وەڵامی دایەوە : « بڕۆ ڕێی خۆت ، ئەم حەفت بەرخە بەشی یەك ساڵی ڕەبەقم دەکات ، چۆن دێمە دەرەوە ! » گورگ گوتی : « منیش یەك ساڵ لەبەر دەرکی کونەکەت چاوەڕێ دەکەم » . بەڵام ڕێوی هیچ گوێی نەدایە ، هەر حەفت بەرخی خواردو چوو نووست . گورگ حەفت هەشت ڕۆژ لەبەر دەرکی کونەکە چاوەڕێی کرد ، کە بینی ڕێوی نایەتە دەرەوە چوو کودوویەکی ووشکی هێناو هەندێ بەردی تێکردو لەوێ بە جێی هێشت . کە کودووەکە گلۆر دەبوەوە دەنگی لێوە دەهاتو ڕێوی دڵی دادەخورپا . ڕێوی تەنگاو بوو . لە کونەکەی دەرپەڕیو چاوی لە گورگ گێڕا ، گورگ دیار نەبوو ، پێی لە جەرگی خۆی ناو هەڵی کوتایە سەر کودووەکە ، کە چوە سەری و زانی کودووە لە کلکی خۆی بەستو چوە سەر کانییەكو کلکی شۆڕکردەوە ناو ئاو . کودووەکە پڕ ئاو

بوو ، کە ڕێوی کلکی خۆی ڕاکێشایەوە کلکی لە دوو نەهاتو بانگەرۆز بوەوە ناو ئاوەکە •

× × ×

مستەر ژابا کە باسی ئەم چیرۆکەی خوارەوە دەکا ، دەڵێ دەبێ (ساری سالتێ) پیرەمێردێ بێ لە خاخپەرستەکانو جێگای خەزێنەکەی پێزانیبێو لە ئەوروپاوە بە بەرگی دەروێشی بە دوایدا هاتبێ • من لە خۆم ڕادەبینم بڵێم بۆی هەیە ئەمەیان (ساری سالتێك)ی پیری جەنگاوەری بەناوبانگ بێ کە پیرێکی موسلمانەو بەشداری غەزای عوسمانلی کردوەو کوردەکان زۆر ئەفسانەی لە ئاسا بەدەری لێ دەگێڕنەوە(١٠) •

ئەرمەنیو دەروێش(١١)

هەبوو نەبوو ئەرمەنییەك هەبوو ناوی (ساتر) بوو ، لە شاری (بەگریف) دەژیا کە دەکەوێتە بەر قەزایەکی (وان) • ڕۆژێ دەروێشێك ڕێی کەوتە ئەم شارەو بوو بە میوانی ئەم ئەرمەنییە • بەکاری خوا ئەم دەروێشە کە ناوی (ساری سالتێ) بوو نەخۆش کەوتو ماوەیەکی زۆر لەو ماڵە لەناو جێ کەوت • ئەرمەنییەکە بە خۆو بە خێزانو هەموو منداڵەکانی خزمەتێکی زۆریان کردو ئەوەی پێیان کرا بۆساری سالتێ کردیان •

---

(١٠) هەندێ لەم ئەفسانانە لە چیرۆکی ئەولیا ئەفەندیدا هەن کە پیرێکە یەك لە کردەوەکانی ئەوەیە دەعبایەکی حەفت سەر دەکوژێو کچی پاشا لە دەمی دەعباکە دەرباز دەکا • دەڵێن شارەو شار گەڕاوەو بە کەوڵەمەڕەکەیەوە لەسەر دەریا ڕویشتوە •

(11) Recueil de Notices et Rècits Kourdes, P. 94.

پاش دەوری دوو مانگ دەروێش چاك بوەوەو شەنگی هاتەوە بەر • ڕۆژێ بە ساتری گوت : « بۆ ئەم شەو ، فەردەیەكو پەتێكو دەستێو بەردەستێیەكو مۆمێكو شقارتەیەك ئامادە كە • هەمووی ئامادەكە چونكە ئەمشەو دەچینە شوێنێكی وا كە ئەو شتانەمان پێ دەوێ • تۆ زۆر خزمەتی منت كردوەو ئازارت پێوە كێشاوم ، دەمەوێ چاكەو پیاوەتیت بدەمەوە » •

ساتری ئەرمەنی ، ساری سالتێ چی گوتبوو ، هەمووی ئامادەكردو لەناو فەردەكەی كردو هەر هێندە شەو داهات ، بە خۆیو بە دروێش شتەكانیان هەڵگرتو لە شار چوونە دەرەوە • كەلاوە كۆشكێكی كۆنی سەردەمی دیانەكان لەسەر گردێكی نزیك گوندی كوزوت هەیە كە سەعاتە ڕێیەك لە شاری بەگریف دوورە • دەروێش ساری سالتێو ساتری ئەرمەنی چوونە ناو كەلاوە كۆنی ئەم كۆشكە • دەروێش بە ساتری گوت : « دەزانی بۆچی تۆم هێناوەتە ئێرە ؟ » ئەرمەنی وەڵامی دایەوە : « نەخێر ، نازانم ، خۆت دەزانی » • ئینجا دەروێش بۆی باس كرد كە خەزێنەیەك لەناو ئەم قەڵایەدا هەیە كە پاشماوەی سەردەمی دیانەكانە ، ئینجا گوتی من سیحری سەر خەزێنەكە دەشكێنمو پێكەوە دەچینە ژوورەوەو چەندت زێڕ دەوێ بۆ خۆتی بە ، بەڵام هیچ قسەت لەدەم دەرنەیە ! » •

پاش ئەوەی دەروێش بەم جۆرە ساتری ووریا كردەوە ، هەندێ دوعای خوێند ، لەناو كەلاوەكە بوو بە دەنگە دەنگو بوومەلەرزە، پاش نەختێ دەرگایەك كرایەوە ، دەرگای خەزێنەكە بوو • هەردووكیان چوونە ژوورەوە • ساتر مۆمێكی پێكرد ، دیتی ژوورەكە ژوورێكی زۆر گەورەیەو زێڕو دراوی سەردەمی ئیمپراتۆریەتی دیانانی بە

جۆخین تێدا هەڵدراوەتەوە • کـەوێکی زێڕی چاو ئـەڵماس لەسـەر جۆجینەکـە دەبریقایـەوە ، دندووك و باڵـەکانو سـەراپای لـەشـیشی جەوهـەرداش بووو لەبـەر ڕوناکی دەبریسکایەوە • دەروێش دەستی درێژ کرد ، ئـەم تەیرە زێڕەی گرتو لەژێر چاکەتی ناو بـە ساتری گوت بە کەیفی خۆی ئـەوەندەی پێی هەڵدەگیرێ زێڕ لـە فەردەکـە بکا • ئەرمەنی بارە زێڕێکی هێندە گرانی لـە خۆی بار کرد کە بـە ئاستەم لە بنی دەجوولایەوە • لە ژوورەکە هاتنـە دەرەوە ، دەروێش هـەندێ دوعای خوێندو دەرگای خەزێنەکـە داخرایەوە • ڕۆیشتن ، پاش ماوەیەك دەروێش بە ساتری گوت : « ئێستا لێك دادەبڕێین ، تۆ بڕۆوە ماڵی خۆتو منیش دەچمـە دوو ئیشی خۆم ، بـەلام لـە بیرم مەکە » • ئیدی خاتری خواستو ملی ڕێگای خۆی گرتو ڕۆیشت • هەر هێندە ئـەو ڕۆیشت شـەیتان دڵی سـاتری خستە قرتو فرت • پێی ناخۆش بوو کە دەروێش پەیکەرە جەوهەرداشەکەی برد • لە دلی خۆیدا لێکیدایەوە کـە ئـەویش هاوبـەشی دەروێشەو بەشی لە باڵندەکەشدا هەیـە • فـەردە زێڕەکـەی داناو بـە غار کەوتە دوای دەروێش بەو نیازەی کـە بـە خۆشی بێ یان بـە ناخۆشی باڵندەکـەی لێبسەنێ • کە لە ساری سالتێ نزیك بوەوە ، سالتێ گوێی لە ترپەی پێی بوو ، ئاوڕی دایـەوە ، دیتی سـاترە ، لێی پرسی : « هـا چیت دەوێ ؟ بۆ هاتووی ؟ »

ئەرمـەنـی وەلامـی دایـەوە ، گوتـی : « باڵنـدەکـەم دەوێ ، زێڕەکەم ناوێ » •

دەروێش گوتی : « کورە ، خۆ تۆ شێت نەبووی ، تۆ ئەوەندە زێڕەت سەرو زیادە ، واز بێنـە بڕۆ دوو ئیشی خۆت کـەوت نادەمێ

من له فەرەنگستانەوە[١٢] بۆ ئـەم كەوە هاتووم ، بەلام لـە ڕێگادا لام دا ماڵی تۆ و ئەوە بوو نەخۆش كەوتمو خزمەتێكی باشت كردمو منیش لە پاداشتی ئەو خزمەتە ئەم هەموو زێڕەم پێ كەرەم كردیت » •

ساتر گەڕایەوە بەلام شەیتـان لێی نەگەڕا ، دیسان تیخ‌تیخەی‌دا كە بچێ بە كوتەكی كەوەكە لە دەروێش بسەنێو زێڕەكەیشی زیاد•• ئیدی كەوتەوە شوێن ساری سالتێو بە كورتی ئەوەندەی سالتێ بە بەری داكەوت وازی لێ‌بێنێ كەلكی نەبوو ، ئیدی كە زانی ساتر دەیەوێ بە خورتی كەوەكەی لێ‌بسەنێ گوتی باشە لێم وەرە پێش با كەوەكەت بدەمێ ، هـەر هێندە ساتر لێی‌نزیك كـەوتەوە سـاری سالتێ شنێكی بەهێزی بــە كەپووی داداو ســاتر لــە هۆش خۆی چوو بــە پشت‌دا كــەوت •

دەروێش ڕۆیشتو ساتر تا ڕۆژی پاشی وەخۆی نەهاتەوە ، كە وەخۆی هاتــەوە هــەستایــەوە دیتــی دەروێش ڕۆیشتوە ، گــەڕایەوە فەردەكەی هەڵگرتو بەرەو ماڵ بووەو چۆوە زێڕەكــەی لــە ماڵــەوە تەقەت كرد • ووردە ووردە كەوتە كڕینی شتی باش‌و بەنرخ • زۆر گاجووت‌و مێگــەلــە مــەڕو هــەندێ ئاشی كڕی ، كاتێ كــە حاكمی (بەگرێڤ) بەمەی زانی گومانی پەیدا كرد گوتی مادام ساتر ئەم هەموو شتانــەی كڕیوە دیارە گەنجینــەی دۆزیوەتــەوە • دەرو دراوسێ بۆ حاكمیان گێڕایەوە كــە ماوەیــەك پێش ئێستا دەروێشێك هاتۆتە ئــەم شارەو بۆتە میوانی ساترو لەوێ نەخۆش كەوتوەو پاش چاك بوونەوەی ڕۆیشتوەو لــەو كاتەوە ساتر دەوڵەمەند بوە • پاشان هەندێ دراوی

(١٢) فەرەنگستان : وولاتی فەرەنگ واتە ئەوروپا •

کۆنیان له ماڵی ساتر دۆزی‌یەوەو بەمەوە لێی ئاشکرا بووو دونیا پڕ بوو کە ساتری «بەگریف» گەنجینەی دۆزیوەتەوە • ئەم خەبەرە بە پاشای (وان) گەیشتەوەو ئەویش لە دوو ساتری ناردو خستی‌یە بەندیخانە ، ساتر پێی لە مەسەلەکە ناو بەشی پاشای (وان)ی لە زێڕەکە داو ئازاد کرا • بە کورتی ساتر وای لێهات پێپانێی بە زێڕ دەکردو بە هەموو لایەکدا بڵاوی دەکردەوە •

بۆی هەیە زۆر کەس گومان لە ڕاستی ئەم چیرۆکە بکەن بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا خەڵکی ئەو ناوچانە ڕوایەکی پتەویان پێ هەیەو زۆر باسی دەکەنو زێدە لەمەش نەوەکانی ساتر هێشتا لە بەگریف ماونو بە خۆشیو دەوڵەمەندی دەژینو خاوەنی زەویو ئاشو چەند جووتەگاو مێگەلە مەڕنو ماڵی خانەدانو ناندەرن • ماڵیان وەکو «تەکیە»[١٣] وایە چونکە ئەوەی بێ دەبێتە میوانی ئەم بنەماڵەئەرمەنی‌یە، هەتا دەست بە ڕووی موسلمانانیشەوە نانێن بەڵکو زۆر بە گەرموگوڕی بەخێریان دێنن • لەو ڕۆژەوە ساتر ناوی لە ناو کوردان دەرکردو کورد بوونە برادەریو مەڕو ماڵاتیان بە دیاری بۆ دەهێنا ، بەڵام وایش دەبێ کە دوژمنداریان لەگەڵ خەڵکی بەگریف ببێ ، بێجگە لەمەش ، هەرچەندە دزیو تاڵان لەم شارە بکرێ ، کەس دەست بۆ ماڵی ساتر نابا ؛ چونکە دەڵێن ماڵیان وەکو تەکیە وا پیرۆزەو نابێ بە خراپیش تەماشا بکرێ •

× × ×

مستەر (ڕیچ)[١٤]ی ڕەحمەتی ئەم چیرۆکەی پاراستوە کە بە

---

(١٣) تەکیە : جێی دەروێشانەو میوانداری باش تێدا دەکرێ •
(14) Narrative & c., vol. I. P. 291.

دەقە خۆی لە دەمی حەکایەتخوانێکی هۆزی بەبەی دارەشمانە وەری گرتوە ، وەکو خۆی گۆتەنی ، بێ ئەوەی هیچی بۆ زیاد بکا یان بە هیچ جۆرێ بیگۆڕێ • ڕووداوەکانی چیرۆکەکە تەواو لەوانە جودان کە لە چیرۆکی کوردیدا هەن و بۆی هەیە لە ڕووداوێکی ڕاستەقینەوە هاتبێ بەڵام هی سەردەمێکی زۆر کونتر بوە لەوەی حەکایەتخوان باسی دەکا کە زۆر کەس لە ڕۆژەڵات بە ڕووکەشی باسیان کردوە • حەکایەتخوان هەموو چیرۆکێکی باش بۆ بەرەبابی گەورەی پاڵەوانی ناوداری کورد ، سلێمان بەبە ، دەباتەوە ، ئەمە ئەگەر پێی نەکرێ بیباتەوە سەر پاڵەوانەکە خۆی ، بێ ئەوەی کە گوێ بداتە سەرچیخچوونی مێژوویی • لەوانەیە ئەم چیرۆکە پاشماوەی هەندێ چیرۆکی سوارچاکیی سەردەمی خاچپەرستانی زەمانی سەلاحەدین بێ کە کورد بە میری خۆیانی دادەنێن •

ئەفسانەیەکی وایش لە چیرۆکیی میللی گریکیدا هەیە بە ناوی « ئەو کچە پاشایەی چوە شەڕ »(١٥) •

کچێکی پاڵەوان*

هەبوو نەبوو دوو برا لە دارەشمانە هەبوون ـ فەقێ ئەحمەدو خدر کە زۆر دەردو ئازاریان بە دەست بڵباسی دوژمنیان چەشتبوو ـ

---

(١٥) هەمان سەرچاوەی پەراوێزی (١) بەشی چوارەم ، ل ٥٧ •
هەروەها : Märchen, I. P. 114.

* بۆ پتر ئاگادار بوونی مێژووی بنە ماڵەی بابانو داستانی فەقێ ئەحمەدی دارەشمانەو کەیغانی فەرەنگ ، بڕوانە :
ڕەمزی قەزاز : داستانی دوو پاڵەوان ، فەقێ ئەحمەدی دارەشمانەوکەیغانی فەرەنگ ، بەغدا ، ١٩٦٨ •

بڵباس هۆزێکی هەرە بەهێزی ناوچەی پشدرە ـ • فەقێ ئەحمەد پیاوێکی ڕەشیدو ئازار بوو ، ناچار بوو گوندی بە جێ هێشت و سوێندی خوارد تا وای لێ نەیێ بتوانێ تۆڵەی خۆی بکاتەوە نەیەتەوە ئەو گوندە • چوە قوستەنتینیە بوو بە نۆکەری سولتان •

بە ڕێکەوت ، ئەو کاتە سولتان لەگەڵ ئینگلیس یان فەڕەنگ شەڕی بوو • ئەو سەردەمە ، شەڕ بە یەك هەڵمەت و لێکدان دەبڕایەوە •

پاڵەوانێك لەناو لەشکری فەڕەنگان هەڵکەوتبوو ، پێنج ڕۆژ بوو مەیدانی لە سوارەی تورکان گرتبوو ، هەر کەسێ بۆی دەچوە مەیدان دەیبەزاندو سەری دەبڕی • فەقێ ئەحمەد کە بەمەی زانی بڕیاری‌دا بچێتە مەیدانی ئەم دوژمنە ترسناکە • سولتان لە دووی ناردو لێی‌پرسی داخۆ لە چ نەتەوەیەکەو هی کام وولاتەو کە دیتی پیاوێکی بە جەوهەرو لێوەشاوەیە ئەسپێك و چەکێکی باشی پێشکێش کردو ڕێی دا بچێتە مەیدان •

فەقێ ئەحمەد چوە مەیدانو سوارەی فەڕەنگی لە عەردی داو کە دابەزی سەری ببڕێ ، لە سەرسامیان هۆیێکی لەخۆی زانی کە دیتی ئەم دوژمنە بەوەجە کچەو کچەکە لەبەری ناورایەوە نەیکوژێو بەڵێنی‌دا مێردی پێ بکا • فەقێ ئەحمەد بە سەرفرازی کچەی هێنایەوە ناو ئۆردووی تورکان • سولتان گوتی : بخوازە هەر پاداشتێکت دەوێ بتدەمێ • فەقێ ئەحمەد داوای گوندو زەوی‌و زاری دارەشمەی کردو سولتان « فەرمان ـ Firman »یکی شاهانەی دەکردو کردی بە بەگی دارەشمانە • لێرەدا چ لە ڕووی خاکی‌یەوە بێ‌و چ لە ڕووی نەزانی، فەقێ ئەحمەد هەڵێکی گەورەی لە دەست خۆی دا ؛ چونکە ئەگەر

داوای سەراپای کوردستانی بکردایە سولتان پێی‌دەبەخشی • فەقێ بەو خەلاتەی سولتان ڕازی بووو لەگەڵ کەیغانی ژنی سەرکەوتوانە بەرەو زێدی خۆی گەڕایەوە بەڵام تا ئەو وەختە دوو منداڵی ببوو : بەبە سلێمانو بوداخ کەیغان • شەڕێکی سەختی لەگەڵ بلباسان کردو بلباس چیتر نەیانتوانی دەستدرێژی بکەنە سەر •

ڕۆژێکیان ، فەقێ لە ماڵەوە نەبوو ، بلباس لەشکریان کردو دڕندانە پەلاماری دێیان دا • کەیغانی ژنی فەقێ ئەحمەد خۆی تەیار کردو بە تاقی تەنێ لێیان ڕاپەڕی ، چوار سەد پێنج سەد سوار دەبوون ، هەمووی هەڵبڕین و زۆری لێ‌کوشتن ، ئینجا گەڕایەوە گوندو خەڵکی دارەشمانەی کۆکردەوەو هەر لە سواری ئەسپەکەیەوە پێی‌گوتن :

« ئەی خەڵکی دارەشمە ، کاتی خۆی کە فەقێ ئەحمەد هاتە مەیدانی من ، منی لە زەوی‌داو دەبوایە بمکوژێ ، بەڵام جەبی دامو سەری نەبڕیم • منیش وا ئەمڕۆ پاداشتی ئەو چاکەیەم دایەوە • لە مێژ بوو چاوەڕێی هەلێکی وا بووم • کە فەقێ ئەحمەد هاتەوە ، چیتان بە چاوی خۆتان دیوە بۆی بگێڕنەوەو بە زمانی من پێی‌بڵێن من وا ڕۆیشتمو تازە جارێکی‌تر نامبینێتەوە ، پێیشی بڵێن نەکا بێتە دووم چونکە هاتنی بەلاشەو ئەگەرچی حەزیش ناکەم بەڵام زۆرم لێ‌بکا ناچارم ئەزیەتی دەدەم » •

وای گوتو جلەوی ئەسپی بادایەوەو تێی‌تەقاندو ڕۆیشت • کە فەقێ ئەحمەد هاتەوەو بە مەسەلەکەی زانی زۆر سەرسام بووو گەلێك سوویشی لە کەیغانی ژنی بووەوە ، هەرچەندە کەیغان گوتبووی بە دوای دا نەچێ بەڵام فەقێ ئەحمەد خۆی پێ‌نەگیراو هەر چوو •

له دۆڵی خدران ، که کەوتۆتە ناوچەی پشدەر ، تووشی هاتو تکای لێکرد بگەڕێتەوە • ژنە وەڵامی دایەوە : « قەت شتی وا نابێ ، تۆ موسلمانیو من فەڕەنگم • دەچمەوە ووڵاتی خۆمو باوكو باپیرم ، بە خاتری تە • نەکەی لێم نزیك بیتەوە نەوەك ئەزیەتت دەدەم » •

فەقێی شەیدا هەر مکووڕ بوو ، وازی نەهێنا ، ئیدی ژنە ناچار بوو ڕمێکی حەواڵە کردو شانی پێکا • فەقێ کەوتو ژنەیش ڕێی لێداو ڕۆیشت ؛ بەڵام زۆری پێنەچوو له دڵی خۆیدا کەوتە بیرو لێکدانەوە ، هەستی کرد کە ئەو پاداشتەی بەفەقێ ئەحمەدی داوەتەوە شتێکی زۆر کەمە بەرامبەر بە چاکەی فەقێ کە کاتی خۆی لە مردن ڕزگاری کردوە ، هەستی کرد کە هەر چەندە فەقێ موسلمانیشە بەڵام باوکی منداڵەکانی‌یەتی ، لەم بیرانەدا بوو ، دڵی خاو بوەوەو گەڕایەوە سەر فەقێ ئەحمەد ، دیتی هێشتا هەناسەی لەبەردا ماوە • برینەکەی پاك کردەوەو مەڵحەمی لێداو کە زانی ئیدی مەترسی مردنی نەما بەجێی هێشتو ڕۆیشت • بەڵام فەقێی باوكو ئاشقو جگەرسووتاو شەرمی بە زەبری کەیغان نەبوو ، هەر هێندە برینەکەی چاك بوەوە ، بڕیاری دا بەدوایدا بچێو بە هەر جۆرێ بێ بیهێنێتەوە • بە دوایدا چوە فەڕەنگستان • شەو گەیشتە شارێکی گەورە ، هەراو بەزمو شایلۆغان بوو ، لە «مەهتەرخانە ـ Mehter Khana یاریو بەزم بوو ، «مەشعەل ـ Mashall » پێ کرا بوو و هەموو پێویستی‌یەکی ئاهەنگو زەماوەند ئامادە بوو • فەقێ نەیزانی چ بکاتو سەر بە کوێدا بکات • بڕیاری دا خۆی بداتە دەست قەزاوقەدەرو ئەسپەکەی لە کوێ ڕاوەستا لابداتە ئەوێ • جلەوی ئەسپەکەی بەرداو ئەسپ چوو لەبەردەم ماڵی پیرەژنێك ڕاوەستا •

پیرەژن هەندێ .ڕوبیانووی هێنایەوەو تەگەرەی خستە پێش بەڵام هەر چۆنێ بوو فەقێ ئەحمەد پیرەژنی ڕازی کرد کە ئەو شەوە دالدەی بدات • پاشان ، فەقێ ئەحمەد لە پیرەژنی پرسی ئەم هەموو بەزمو هەراو هۆریایە چی‌یە • پیرەژن وەڵامی دایەوە گوتی ئەوە بۆ کچی پاشایە • کچی پاشا چوبوە شەڕی موسلمانانو چەند ساڵ بوو بزر بوو ، تازە هاتۆتەوەو خەریکە مێرد بە پسمامی دەکات • فەقێ ئەحمەد تکای لە خانەخوێ کرد بەڵکو وا بکا ئەمیش بچێتە سەیری ئەم بەزمو زەماوەندە • خانەخوێ ڕازی بوو بەو مەرجەی فەقێ بەرگی ئافرەتان بکاتە بەر • فەقێ بەرگی ئافرەتانی کردە بەرو چوە پێشەوە دانیشت بۆ ئەوەی گوێی لە قسەی بەینی کەیفانی نازدارو مێردە تازەکەی بێ •

کە خانم هات ، مێردی دڵڕەقی مستەکۆڵەیەکی لە بناگوێدا و گوتی : « تۆ یەخسیری دەست موسلمانان بووی • موسلمان شەرەفیان بردووی ، تازە کوو چاوو ڕووت هەڵدێنێ بێتە بەرامبەری من » • بووك کە زمانی کوردی فێر ببوو ، لە داخی دڵی خۆی ، بە کوردی گوتی : « ئاخ ، فەقێ ئەحمەد ئێستا لێرە بوای !؟ »

فەقێ ئەحمەد یەکسەر دەرپەڕی‌و خۆی لێ ئاشکرا کرد • هەڵمەتی برد ، زاوای کوشتو ژنەی فڕاندو هێنایەوە قوستەنتینەو لەوێ سولتان لە جاکەی پێشوو خەڵاتو بەراتێکی زۆری کرد • ئینجا ژنو مێرد گەڕانەوە پشدەرو تا مابوون بە شادی ژیان •

فەقێ ئەحمەد پێش مردنی ، ناوچەی پشدەرو مەرگەوەڕو ماوەتی هەموو خستە بەر دەستی خۆی‌و بە هۆی بەبە سلێمانی کوڕە گەورەی کە بابە گەورەی میری ئێستای سلێمانی‌یە توانی ناوچەکانی‌تری

کوردستان ، کـه ئێستا لـه ژێر دەستیان دایـه ، بخاتـه ژێر ڕکێفی خۆیەوە ••

× × ×

ئەو سولتان موڕادەی لەم چیرۆکە کوردییەی خوارەوەدایە زۆر لەگوینە سولتان موڕادی چوارەم بێ کـه لە سـەدەی حەڤدەم حوکمی گێڕاوەو وەکو هارونـە ڕەشیدی ناودار ، هـەموو جـارێ جلی خۆی گۆڕیوەو بە ناو پێتـەختدا سووڕاوەتەوە • چیرۆکی سـولتان موڕادو شوانـەکـه وەکو چیرۆکی جێمس • ڤی • سـکۆتلاندە ـ گودمـانی بالینگویش ـ لەگـەڵ «دۆنالدس»ی وەرزێر وایە کە پاشان بە (پاشای زەلکاوەکان) ناوی دەرکرد(١٦) •

سولتان موڕادو سیسۆی شوان(١٧)

شتێکی باوە کە کورد بە مێگـەل مـەڕ دەبەنـە سوریاو سعودیاو قوستەنتینە • جارێکیان شـوانێك هـەبوو ناوی سیسۆ بوو لە عاشیرەتی بەرابـەروکان بوو • مەڕی بۆ فرۆتن بردە قوستەنتینیە • بـە عادەتی شوانان کەوڵـە بزنی بـە شانی دادا بووو لـە نزیك پێتەخت مـەڕی دەلەوەڕاند •

ڕۆژێکیان ، سولتان موڕاد بە خۆی‌و بە «لالە Lala »یەوە(١٨) ، بەرگی دەروێشانیان کردە بەرو چوونە پەرگەی شار ، ئەو شـوێنەی

(16) Sir. W. Scott's Poems, Appendix to "The Lady of Lake, p. 260" (Blakes èditions, 1865).
(17) Jaba, Recueil & c. , P. 62.

(١٨) پەروەردکار یان نۆکەری بڕواپێکراو · ئـەم ووشەیە بۆ ئـەو بەندەیەش بەکار دێ کە منداڵ بەخێو دەکا ·

سیسۆ مەڕی لێدەلەوەڕاند • سولتان موراد لە عومری خۆی کوردی نەدی بوو ، هیچ شوانیشی بەو جۆرە بەرگەوە نەدی بوو • سیسۆی بەو بەرگە عەنتیکەوە دی سەری سوڕماو بە لالەی گوت : « ئەم کابرایە لە چ نەتەوەیەکە ، هیچی بە خەڵکی ئەستەمبوڵ ناچێ ، کەوڵە بزنی بەسەر خۆیدا هەڵکێشاوە » • لالە وەڵامی دایەوە کە ئەمە کوردی ئەنەدۆڵەو مەڕی بۆ فرۆتن هێناوە • سولتان گوتی : « دەبا بچینە لای ئەم عاجباتی‌یە ، بزانین چ جۆرە پیاوێکە » • پاشاو لالە ، بە بەرگی دەروێشی چوونە لای شوانەکەو سڵاویان لێکرد • ئەویش بە گەرمی جوابی سڵاوی دانەوەو گوتی : « بابە baba“ دەروێشینە بەخێر بێن » • سولتان‌و لالە دانیشتن • شوانەکە قەنەیەکی کلکی قوتی پێبوو ، دایگرت‌و پێشکێشی دەروێشەکانی کرد • دەروێشەکان لەم ڕووخۆشی‌یەی شوانەکە زۆر سەرسام بوون • شوانەکە پێی گوتن : « نان‌و شیرم هەیە ، دەچم هەندێکتان بۆ دێنم » •

سولتان موراد ویستی دەست بە ڕوویەوە بنێ ، گوتی :«برسیمان نی‌یە ، چ ناخۆین ! » بەڵام شوانەکە پێی داگرت کە دەبێ هەر نمەکی بکەن‌و ئەو پەندە عارەبی‌یەی بۆ هێنان کە دەڵێ :

« ئەوەی بچێتە میوانداری یەکێک‌و هیچی لە کن نەخوا وەکو ئەوە وایە چووبێتە میوانداری مردوویەك » • ئینجا گوتی : « منیش ساغ‌و سەلامەتم ، ڕازی نیم بە مردووم دابنێن • تا نانم کەل نەکەن نابێ بڕۆن » •

سولتان ئەم قسەیەی شوانی زۆر بە دڵ بوو ، نان‌و شیرەکەی

قبووڵ کرد • سیسۆ تویشەرەی کەوڵی پشتی داناو کۆتکێکی لێ دەرهێناو چوو هەندێ مەڕی دۆشیو شیرو نانی خستە بەر میوانەکانی• سولتانو لالە یەکەو قیچیان خوارد • پاشان شوانەکە لە دەروێشەکانی پرسی داخۆ ماڵیان لە قوستەنتینەیە ؟ سولتان موراد وەڵامی دایەوە : « بەڵێ ، ماڵمان لە پێتەختە ، شوانەکە ، توخوا ئەگەر هاتیتە شار سەرێکم لێبدە ! » شوان لە سولتان موورادی پرسی : « ئاخر ناوت چی‌یەو ماڵتان لە کوێ‌یە ؟ » جەنابی سولتان وەڵامی دایەوە ، گوتی : « ناوم بابە مورادەو ماڵمان لە نزیك کۆشکی سولتانە ، وەرە ئەوێ دەمدۆزیتەوە » •

بەم جۆرە هەردوو دەرۆیش ماڵاوایی‌یان لە شوانەکە کردو گەڕانەوە ئەستەمبوڵ بۆ بارەگای شاهانە • پاشا پیاوێکی لەو ناوە داناو تێی گەیاند کە شوانێکی لەم حاڵەو لەم ڕەنگە هەیە ،بەرگی کەوڵەبزنەو دێتە ئەو ناوە ، کە هات خۆی لێبکاتە ساحێبو پێی بڵێ کە پیاوی ماڵی بابە مورادەو بیباتە ژوورێکی تایبەتی‌و ئینجا خەبەر بداتە سولتان کە شوانەکە هاتوە •

پاش دوو سێ ڕۆژ ، شوانەکە دوو سێ مەڕی بژاردەو قەڵەوی گرتو وەپێش خۆی‌دان و چوە ناو شاری ئەستەمبوڵو لە ماڵی بابە مورادی پرسی • هەر کەسێ چاوی پێ دەکەوت ، پێی‌پێ‌دەکەنی و گاڵتەی پێ دەکرد تا گەیشتە نزیك کۆشکی سولتان • ئەو کابرایەی سولتان لەوێ کردبوویە سایەدی شوانەکە بە پیری‌یەوە چووو لێی پرسی : « ها ، کێت دەوێ ؟ » شوانەکە وەڵامی دایەوە : « دەروێش بابە مورادی برادەری دڵسۆزم دەوێ • ئەم مەڕانەم بە دیاری‌و نیشانەی دۆستایەتی بۆ هێناوە » • کابرا گوتی من پیاوی ماڵی بابە

مورادم ، فەرمووو با بچینە ماڵی ئاغام • شوانەکە مەڕەکانی دایەو بــە کەڵی کەوت • پیاو کە تەماشای دەکرد ، بەو کەوڵە بزنەی کردبوویە بەرو مووەکانی زیك ببوونەوە ، لێی‌دەترسا • بەو بــەرگەوە بردیانە ناو ژوورێکی ڕازاوە • پێڵاوی لــەپێ‌کردەوەو دانیشت • کابرا چوو سولتانی ئاگادار کردەوە کە شوانەکە هاتوەو بە پێی فــەرمانی خۆی ردوویەتی‌یــە ئــەو ژوورەی بۆی تــەرخــان کــرابووو چــاوەڕێی فەرمانی‌ترە • سولتانو لالــە دیسان بەرگی دەروێشی‌یان کردە بــەرو هــەردووکیان چوونە ئــەو ژوورەی شوانەکــەی لێ‌بوو ، گوتیــان : «سەلاموعەلێك» • شوانە هێشتا نەیدەزانی لە حوزوور سولتان دایە • پاشا فەرمانی دا « فنجانە ـ Findjane »[19] قاوەیەکی خــەستی‌یان بۆ هێنا • شوانەکــە هاواری کرد : « کاکە[20] ، ئەوە شیری تۆ بۆ وا ڕەش‌و تاڵە ؟ کۆتکەکەت بۆ هــەندە بچووکە ؟ ئــەم شیرەم پــێ ناخورێتەوە ، دەمم دەسووتێ • کۆتکەکەی خۆمم بۆ پڕ بکەن ، نانی تێ‌دەکوشم‌و ئینجا دەیخۆم » • سولتان زەردەی هاتێ‌و فەرمانی‌دا جزووی قاوەیان هێناو کۆتکی سیسۆی شوانیان پڕ قاوە کرد • پارچە نانێکیان بۆ هێناو کەوتە سەرێ بە کەوچکان خواردی • ئینجــا ڕووی کردە سولتانو گوتی : « کاکە ، بەخوا شیرەکەت خراپە ، زۆر تاڵــە » • ئینجا تەماشایەکی کوشین‌و مــافوورە زێڕچنــەکانی کرد کە ژوورییان پێ‌ڕازابوەوە ، وای زانی شتی ساکارو ئاساین ، گوتی : « کاکــە ، هەندێ کەل‌وپەلی وایش بۆ من بکڕە ، بۆ منداڵان ، کــە مەڕەکانم

---

(١٩) فنجانی قاوەی تورکی‌یە • هــەر چــەندە لــە مێژە قــاوە لــە کوردستاندا هەیە ، کوردی کۆچەری کەم دەیخۆنەوەو تا ئەمڕۆش هەندێ شوان چاویان پێ نەکەوتوە •

(٢٠) کورد بە زۆری بەم ووشەیە قسە لەگەڵ یەك دەکەن •

فرۆت پارەکەت دەدەمەوە » • سولتان وەڵامی دایەوە : « سەرچاو ! » •

سیسۆ تەماشای شتە کەشخەو نایابەکانی ژوورەوەی کرد ، لە کەرەستە جوانەکان ڕاماو ڕووی کردەوە سولتانو گوتی : « کاکە ، کێ ئەم خانوەی بۆ دروست کردووی ، هەڵبەت میراتی باوکتە بۆت ماوەتەوە ! » سولتان وەڵامی دایەوە ، گوتی : « بەڵێ ، میرانی باوکمە ! » سیسۆ سەری باداو گوتی : « دەمزانی ، نابێ ئەمە موڵكو ماڵی بابایەکی دەروێش بێ » •

پاش بەینێ ، خاتری خواست بڕوا چونکە مەڕەکانی بێ خودان بەجێ هێشتبوو • سولتان نۆکەرەکەی تێگەیاند پیاوێك بنێرێ چاوی لە مەڕەکان بێو بیانفرۆشێ • ئینجا بە شوانەکەی گوت : « لێناگەڕێم بڕۆی » • سولتان فەرمانی‌دا سیسۆیان بردە حەمامو بەرگێکی شاهانەیان دایە ، تەنیا ئەو حەلە سیسۆ تێگەیشت کە بابە موراد خۆی سولتانە • کە بردیانەوە حوزوور سولتان ، سیسۆ بەسەر پێی داکەوتو تکای کرد بیبوورێ کە بێ شەرمی کردوەو قسەی نابەجێی لە حوزوور پاشادا کردوە • سولتان موراد سامانو خەلاتێکی زۆری بە سیسۆ بەخشی • مەڕەکەی بۆ فرۆتو زۆر دیاری پێبەخشیو پاشانیش موڵکی زۆر گوندی ناوچەی بایەزیدی بە « بەرات - barat »[21] پێ کەرەم کرد • سەرۆکەکانی ئەمڕۆی خێڵی بەروکان لە بنەماڵەی ئەم کابرایەنو لە گوندی «گربەران»[22]دا دەژین •

× × ×

---

(٢٠) ووشەیەکی تورکی‌یە بەرامبەر بە «فەرمانی شاهانە» بەکار دێ •
(٢١) لە بەینی بایەزیدو ماکۆیە •

کوردیش وەکو تورکەکان نەسرەدین خۆجەی ئیمامی نوکتەچی تیموری تەتەر دەکەنە پاڵەوانی زوربەی چیرۆکە کۆمێدیو گاڵەچی‌یەکانیان • هەندێ لەو چیرۆکانە وەکو چیرۆکی ناو تورکەکانن بەڵام گومانی تێدا نی‌یە کە زۆریان لە کۆتایی سەدەی چواردەم یان لە سەرەتای سەدەی پازدەم کۆنترن کە سەردەمی ئەم حەکیمە ڕۆژهەڵاتی‌یەیە • مۆرکی ئەم چیرۆکانە زۆر لێك جودان • بۆ نموونە لە هەندێ چیرۆکدا خۆجە بە توندی لۆمەی پیاوی چڵێس دەکا ، لە هەندێ چیرۆکی‌تردا پەندی چاوەدێری گشتیمان فێر دەکا ، لە زۆربەی چیرۆکەکاندا گاڵتەچی‌یەو بەس ، لە هەندێکی‌تردا شەرەفو سەربەرزی خۆجە لە گومانەوە دووره • هەر چۆن بێ زۆربەی هەرە زۆری چیرۆکەکان لە ژێرەوە گاڵەجاڕینو ئەو وشەبازی‌یە ڕۆژئاوایی‌یەی مەراقیانەو بە تایبەتی لە زمانی تورکی‌دا خۆش دێ ، زۆر باوە ، بەڵام کە وەری بگێڕیتە سەر زمانێکی‌تر ئەو تامو بۆیەی نامێنێو ئەستەمە بتوانی وەکو خۆی وەری بگێڕی •

بەزمی قازان*

ڕۆژێ ، خۆجە «قازان – Kasan »یێکی لە دراوسێ‌کەی خواست • ئەم دراوسێیەی پیاوێکی باش نەبووو خۆجە حەزی لە چارەی نەدەکرد • چەند ڕۆژێ قازانەکەی لای خۆی گل دایەوە •خاوەنەکەی تەنگاو بوو • هاتە ماڵی خۆجەو داوای قازانی خۆی کردەوە •خۆجە قازانێکی بچووکی خستە ناو قازانی دراوسێکەیو هەردووکی لە

* قازان : مەنجەڵ • (وەرگێڕ) •

دەست نا • کاتێ کە خاوەنی قازانەکــە ئەمــەی بینی بــە نەسرەدینی گوت : « ئەم قازانە بچووکەی ناوەوە هی من نی‌یە » • خۆجە وەڵامی دایەوە : « با هی خۆتــە ، قازانەکــەت زاوەو ئــەم بێچوەی هێنــاوە ، هەردووکیان هی خۆتن بیانبە ، من چاوم لە ماڵی تۆ نی‌یە » •خاوەنی قازانەکە زۆری کەیف پێ‌هاتو هاواری کرد :

« ئەللا کەریم – Alla Karim» چ لــە خوای عاسێ نابــێ • قازانەکانی وەرگرتو بردی‌و ڕۆیشت •

پاش دوو مانگ خۆجە دیســان چوە لای دراوسێ‌کەی‌و قازانی لێ‌خواست • ئەمجارەیان کابرا کیهە قازانی گەورە بوو لە ماڵەوە بۆی هێنا • نەسرەدین گوتی : « ئەم قازانە زۆر زلــە » • دراوسێ‌کــەی گوتی : « لەوە بچووکترم نی‌یە بتدەمێ ، قەیدی نی‌یە باشە ، بیبە ، بەڵکو خوا بکا ئەمــەیشیان بزێ ، ئــەگــەر بزێ هــەڵبەت بێچوێکی گەورەی دەبێ » • خۆجە قازانەکەی وەرگرتو بردی‌یەوەو وەســەر ئاگــری نا • قازانــەکــەی لای خــۆی گــل‌دایــەوە • پــاش مانگێك ، شتێکی وا ، خاوەنەکەی هات داوای قازانی کردەوە • خۆجە کــە چاوی بــە کابرا کــەوت کــەوتە گریان‌و ڕۆڕۆ : « ــ ئامان ، Aman“ چ دەردو بەڵایەکمان تووش هات • قازان ، ئەو قازانــە نازدارە ، مرد •• برام ، هەر خۆت سەلامەت بی » • دراوسێ‌کەی بە دڕندۆگی‌یەوە گوتی : « کورە کابرا ، قازان چۆن دەمرێ ؟ خۆجە ، ئەوە تۆ گاڵتەم پێ‌دەکەی ؟ » خۆجە وەڵامی دایەوە : « جەرگم ، کە جاری پێشوو گوتم قازانەکەت زاوەو بێچوێکی بوە گوتت چ لە خوای عاســێ نابــێ ، ئێستا کــە دەڵێــم قازانــەکــەت مردوە دەڵێی گاڵتــەم پێ‌دەکەی ؟! » •

× × ×

نەسرەدین و دەرۆزەکەر

ڕۆژێ ، خۆجە چوە سەربان بۆ ئەوەی بانەکەی بپەستێتەوە لەو حانەدا لە دەرگەی حەوشە درا • ژنی خۆجە دەرگای کردەوە ، بینی کابرایەکی بێگانەیە ، گوتی : « فەرموو ، چیت دەوێ ؟ » کابرا گوتی : « بە خۆجە بڵێ بانگت دەکەن ! » ژنی خۆجە وەڵامی دایەوە : « ئاخر لەسەر بانەو خەریکی ئیشە » • کابرا گوتی : « قەیدی نییە ، پێی بڵێ خێرا بێ » •

جا ژنە لە خوارەوەڕا بانگی خۆجەی کرد : « ئەفەندی ، کابرایەك لەبەر دەرگایە توی دەوێ ، دەڵێ خێرا بێ » • خۆجە گوتی : « هەزار پایە سەرکەوتووم تا گەیشتوومەتە سەربان ، بە کابرا بڵێ بزانە چی دەوێ ، خۆت وەرە پێم بڵێ » • بەڵام کابرا سووڕ بوو کە هەر دەبێ خۆجە خۆی بێتە خوارەوە ، ژنە چوو دیسان بانگی کرد • خۆجە کە دیتی کابرا هێندە سوورە لە دڵی خۆیدا گوتی : « دیارە ئیشێکی گرنگی هەیە ، وا چاکە بچمە خوارەوە » • بە هەڵەداوان لە قادرمە دابەزی ، لە تەنگاوییان کەوت و زۆر ئازاری دی ، کاتێ بە پەستی گەیشتە بەر دەرگا تەماشای کرد دەرۆزەکەرە ، دەرۆزەکەر گوتی : « لە ڕێ خوا قرۆشێکم بدێ » • خۆجە وەڵامی دایەوە : « شوێنم کەوە » • کابرای بۆ سەربان برد • کە چل پایە سەرکەوتن خۆجە ئاوڕی لە دەرۆزەکەرەکە دایەوەو گوتی : « برۆ ، خوا بتدانێ »(٢٢) دەرۆزەکەرەکە منگاندی : « لە خوارێ وات گوتبا » • خۆجە وەڵامی دایەوە : « کابرا ، تۆ هەزار پایە منت دابەزاندو لە

---

(٢٢) لە ڕۆژهەڵات کە خێر بە دەرۆزەکەرێ نەکەن وای پێ دەڵێن •

دابەزیندا کەوتمو ئازارم خوارد ، هەر بۆ ئەوەی بلێی فرۆشێکم پێ کەرەم کە ، من تەنیا چل پایە تۆم هێناو وا پێت دەڵێم : حوا بتداتێ » •

× × ×

نەسرەدین خۆجەو مەیتەکە

ڕۆژێ ، خۆجە لە ماڵەوە بوو شمەکی خۆی دەشووشت • کابرایەك هات ، داوای لێکرد مەیتێك هەیە بچێ بیشوا بۆ ئەوەی بە خاکی بسپێرن • خۆجە وەڵامی دایەوە : « ئیشم هەیە • شمەکم دەشۆم • بڕۆ مەیتەکە بێنە بیخە سەر ئەم تەختەدارە لێرە دەیشووم ، ئاوی گەرمم زۆرە • کە شووشتم ئەو حەلە بیبە ، بینێژە » • کابرا گوتی : « زۆر باشە » •

کابرا چوو مەیتەکەی هێنا ، خۆجە مەیتەکەی لەسەر تەختەدارەکە درێژکردو ئەو خەڵکەی دەرکردە دەرەوە کە لەگەڵ مەیتەکە هاتبوون، گوتی : « ئێوە بڕۆنە دەرەوە ، نابێ کەس لێرە بمێنێ تەنانەت ژنەکەیشم دەبێ بچێتە دەرەوە ، من خۆم بە تەنێ مەیتەکە دەشۆم » •

زەلامەکان چوونە دەرەوە • خۆجە دەرگای کلیلداو کەوتە بیرکردنەوە ، لە دڵی خۆیدا گوتی : « من ئاوم بۆ شمەك شووشتن گەرم کردوە ، مخابنە لەو مەیتە سەرفی بکەم » •

جۆگایەکی بچووك بە بن ماڵی خۆجەدا دەهات • خۆجە بڕیاریدا مەیتەکە نەشوا ، فڕێی بداتە ناو ئەو جۆگایەوە • لنگی مەیتی ئاوساوی گرتو فڕێی دایە ناو جۆگاکە • جۆگا ڕای پێچاو بردی • خۆجە لە دڵی خۆیدا گوتی : « جا با زەلامەکان تەفرە بدەم » •

دەرگای کردەوەو گوتی : « ئەو مردوە ، ژیانی چۆن بردۆتە سەر ؟ » هەموو وەڵامیان دایەوە : « فێڵبازو دزو ساختەچی بوو » • خۆجە گوتی : « نەخێر نابێ وابێ • ئێوە سەهوون • دەبێ پیاوێکی باش بووبێ • چونکە هەر هێندە خستمە سەر تاتەشۆر چاوی کردەوەو نیت بوەوە ، کە ئەو قیت بوەوە زنجیرێکی زیو لە ئاسمان هاتە خوارەوەو فریشتە بەو زنجیرە هەڵیانکێشایە ئاسمانو گوتیان : « ئەمە پیاوی باشە ! » •

گوندی یە ساویلکەکان بڕوایان بە قسەی خۆجە کردو لە دڵەوە گوتیان : « کاری خوایە ، هەموو شت دەبێ » و پەرتەیان لێ کرد ، بەرەو ماڵ بوونەوە •

دوای سێ چوار ڕۆژ مەیتەکە لە خوارەوەی ڕوبارەکە لە چڵی شۆڕی دەرختێك جەڕاو دەشتەکی چاویان پێ کەوت • جوتیارێ چوە لای خۆجەو سەرکۆنەی کردو گوتی : « خۆجە ، تۆ بە ئێمەت گوت کابرای مردوویان هەڵکێشاوەتە ئاسمان کەچی مەیتەکەی وا لەو خوارە لە ناو ڕوبار دۆزراوەتەوەو هەموو ئاوساوە » •

خۆجە وەڵامی دایەوە : « دیارە لە ئاسمان فڕێیان داوەتە خوارێ • خۆتان گوتتان کابرایەکی دزو فێڵبازو ساختەچی بوە • کێ دەڵێ لە ئاسمانیش ئیشی وای نەکردوە ؟ لەوانەیە شتێکی دزی بێ بۆیە فڕێیان داوەتە خوارەوە • خێرا بڕۆ بینێژە ، تا زیندوو نەبۆتەوەو دزی لە تۆش نەکردوە » •

× × ×

خۆجە لێفەکەی چۆن لە دەست چوو

شەوێکی زستان ، خۆجەو ژنەکەی لە شیرین خەودا بوون ، لە دەرەوە ، لە ژێر پەنجەرە ، دوو کەس لێیان بوو بە شەڕو هەرا ، چەقۆیان لێک هەڵکێشاو وەخت بوو ئیشەکە گەورە بێ • لەم هەراو هۆریایە ، ژنی خۆجە بە خەبەر هات و چوولە پەنجەرەوە تەماشای کرد ، کە دیتی شەڕە ، مێردی هەستاندو گوتی : « وای خوایە لە گەورەیی تۆ ! پیاوەکە هەستە بڕۆ لێکیان بکەوە ، یەکدی هەڵدەدڕن » • خۆجە بە خەواڵوویی وەڵامی دایەوە : « حورمێ ، گیانەکەم ، وەرەوە ناو جێی خۆت ، بۆ خۆت بخەوە باشترە ، بە ئیمانم ئەم دونیایە پیاوی تێدا نییە • وازم لێبێنە با سەرم ڕەحەت بێ • سەرم نایەشێ بۆ پریاسکەی لێبەستم • ئێستا بچمە دەرەوە چییان پێ چ نییە تیرو پڕم لێبدەن » •

ژنی خۆجە ژنێکی مەکرۆ بوو • بەسەر دەستو پێی مێردی داکەوت • خۆجە لێی تووڕە بووو ڕکێ خۆی لێکردەوە بەڵام لە ئەنجامدا دڵی نەرم بوو ، لێفەی لە خۆی پێچاو لە قادرمە دابەزیو چوە شوێنی هەراکەو پێی گوتن : « کوڕم ، بکەنە خاتری ئەم ڕیشە سپییەی من واز لەم شەڕە بێنن » • کابراکان خۆیان تێڕوو کردو لێفیان لە شانی خۆجە داپچڕیو هەڵاتن بردیان • خۆجە گوتی : « زۆر باش بوو ! » چووەوە ژووریو دەرگای گارەدا • ژنەکەی گوتی: « چا وو چووی ، لێکت کردنەوە • شەڕەکەیان بە تاڵ کرد؟ » • خۆجە وەڵامی دایەوە : « ئا ، شەڕیان بەتاڵ کرد » •

ـ خۆجە ، ئەوە لەسەر چ بەشەڕ ھاتبوون ؟

خۆجە وەڵامی دایەوە : « شێتە ، لەسەر لێفەکەی من شەڕیان بوو • لەمەو دوا ئەمە دەکەمە دروشمی خۆم : ووریەی ماران بە » •

ـ تەواو ـ

تێبینی :

- سوپاس بۆ کاك زادە کەبەرگەکەی بۆ نووسیم •
- سوپاس بۆ کاك حسێن عەلی وەلی کە کتێبە ئینگلیزییەکەی لە کتێبخانەی مەرکەزی زانکۆی مووسل بۆ دەستنیشان کردم •

رقم الايداع في المكتبة الوطنية ببغداد ١١٣٤ لسنة ١٩٨٣

La Femme Kurde En Turquie

Par :

Lucy. M. J. Garnett

Traduit de L'anglais en Kurde

Par :

Aziz Gardi

المرأة الكردية في تركيـــا

تاليف : لوسى گارنيت

ترجمه من الانكليزية

عزيز گردى

نرخى (٧٥٠) فلسه